# غەزەل،
# لە ئەدەبیاتی نوێی کوردیدا

د. هەڤاڵ ئەبوبەکر حسەین/ زانکۆی سلێمانی/
فاکەڵتی زمان و زانستەمرۆڤایەتییەکان

**پێشەکی:**

غەزەل، ڕووبەرێکی زۆری لە شیعرو ئەدەبیاتی خۆرهەڵاتیی و دواتریش تەواوی دنیای داگیرکردووە، بەهاو بایەخی ئەم جۆرە شیعرە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە قوڵایی دەروون و ویژدانی بزواوی چەند کەسێکەوە سەرچاوە دەگرێت و دەبێتە ویردی سەرزاری ژمارەیەکی بێشماری خەڵک و دەبێتە یەکێك لە دەقە زیندووە کاراکانی ناو ئەدەبیاتی هەر میللەتێك.

لە ئەدەبیاتی کوردیدا، غەزەل، بۆ ماوەیەکی زۆرە دووچاری دابڕکردن و بایەخپێنەدان و وەلاوەنان و پشتگوێخستن بۆتەوە، هەندێك پێی وابووە ئەم جۆرە شیعرە وابەستەو لێکەوتەی قۆناغێکی دیاریکراوبووەو تەواوبووە، بەڵام وەك لە ئێستادا دەردەکەوێت، هەر ئەم جۆرە شیعرەیە کە دەتوانێت زاخاوی بیری بزواوانە بداتەوەو هەستی ڕاستەقینەی دنیابینیی دەروون لە تاکەوە بگوێزێتەوە بۆ کۆمەڵ و ئاواز بەژیان ببەخشێتەوە.

لە ئێستادا، بەتێگەیشتنێکی زانستیانەو ئەکادیمیانە لە ڕۆڵی شیعرو بەهای ئیستاتیکیی دەق و بنەماکانی نەمریی لە دەقدا، سەرلەنوێ (غەزەل) کارایانە لە ئەدەبیاتی نوێی خۆرهەڵاتی کوردستاندا دەرکەوتۆتەوە.

لەم توێژینەوەیەدا، لە بەرمەبنای لێکدانەوە تیۆرییەکانی ئەدەب و شیکردنەوە ڕەخنەییەکان و بە پێی میتۆدی (پەسەن-شیکاریی)، لە غەزەلی نوێ دەکۆڵینەوەو دەچینە سەر بەرهەمە ئەدەبییە (بەغەزەلنووسراوەکان)و بە دوای دۆزینەوەی بەهاو تایبەتمەندییەکانی غەزەلی نوێ لە ئەدەبیاتی نوێی کوردیدا دەگەڕێین، لەبەر ئامادەیی ئەم جۆرە بەرهەمانەیش لە ئەدەبیاتی خۆرهەڵاتی کوردستاندا، کە وەك دیاردەیەکی نوێ دەردەکەوێت، نموونە لە غەزەلی غەزەلنووسەکانی ئێستای خۆرهەڵاتی کوردستان دەکەینە کەرەستەی توێژینەوەکەمان.

**بەشی یەکەم: غەزەل، چەمك و ڕەهەندەکانی**

**١/١) غەزەل و چەمکی غەزەل:**

غەزەل (Ghazel)، وەك بەشێك لە شیعری ویژدانیی ، کە ئەمەی دوایشیان بەشێکە لە شیعری لیریکیی(Lyric poetry)[١]، دەردەکەوێت، کەواتە ئەگەر پەیوەندییەکی ئۆرگانیی (Organic relationship) لە نێوان غەزەل و لیریکادا هەبێت ئەویش کێش و سەرواو ڕیتمی ناوەوەو ئاوازی دەرەوەی دەق و باسکردنی خۆشەویستیی و جوانیی و...تاد بێت، ئەوا پەیوەندییەکی دیالێکتیکی (Dialectical relationship)یش لە نێوان غەزەل و بنەما ویژدانییەکاندا هەیە، کە ئەویش بریتییە لەوەی غەزەل لە نەست و هۆشی ناوەوەو ویژدانی دوور لە سانسۆری خودو دەرەوەی خودەوەو لە بڕوابوونی غەزەلنووس بە (وێناکردنی دەرەوە وەك ئەو وێنانەی لە نەستدا هەن سەرچاوە دەگرێت)[٢].

**١/١-١) غەزەل لە ڕووی زمانەوە:**

غەزەل* لە ڕووی واتای زمانییەوە، وشەیەکی عەرەبییەو مەبەست پێی، شیعری عاشقانە، یان ئەویندارانە[٣]، عەشقبازیی، وەسف و باسکردن و پێداهەڵدانی جوانیی و خۆشەویستیی و خەسڵەتەکانی تری ژن، دەوروخولدان لە ژن، ژن دواندن و بۆ ژن دوان، سەرنجی ژن بۆ خۆ ڕاکێشان، بیرکردنەوە لە خەیاڵ و خولیاو خواست و حەزەکانی سەردەمی لاوێتیی و گەنجبوونەوەو تازەبوونەوەی خولیاکان بۆ ڕەگەزی بەرامبەر[٤]، وتووێژی نێوان کوڕو کچە دەربارەی خۆشەویستیی، دانیشتن و کۆڕگەرمکردنە لەگەڵ ژندا، پیاهەڵدانی ئەندامی لەشی یان بەشێك لە جەستەی خۆشەویستە، یادکردنەوەی ڕۆژانی بەیەکگەیشتن یان جیابوونەوەی نێوان دوو کەسە[٥].

**١/١-٢) غەزەل وەك زاراوەیەکی ئەدەبی:**

لە ڕووی زاراوەیشەوە، مەبەست لە غەزەل، شیعرێکە کە لە حەوت بەیت کەمتر نییەو لە پانزدە بەیت زیاتر ناکات[٦]، بە کێشی عەرەوزیی* دەنووسرێت و بەیتەکان لە غەزەلێکی دیاریکراودا

---

[1] بڕوانە: إمیل ناصف (١٩٩٦: ٩).

[2] بڕوانە: محمد رضوان الدایة (٢٠١١: ٨٦٨).

* غەزەل، بەهەمان فۆرم و مەبەست چۆتە زمانەکانی تریشەوە، هەر بۆیە بە زمانی کوردیی هەمان وشەو لە زمانەکانی فارسیی و هندیی و پشتۆیی و بنجابیی و ئۆردوویی و تورکیی و تەنانەت ئینگلیزیی و ڕوسیی و...تادیشدا بەهەمان شێوە بەکاردەهێنرێت.

[3] بڕوانە: هەژار( ١٩٩٧: ٥١٣)، ماجد مردوخ روحانی (٢٠٠٨: ١٧٠٧).

[4] بڕوانە: J. A. Cuddon (2001: 286)، سیما داد (٢٠٠٨: ٣٥٠- ٣٥٣)، د. محمد سامی الدهان (١٩٨١: ١٢)، أحمد تیمور باشا (١٩٧١: ٧٦)، سراج الدین محمد (٢٠٠٢: ٦-٧)، حسام أبو رحاب (١٩٤٧: ٧-١٠).

[5] بڕوانە: محمد رضوان الدایة (٢٠١١: ٨٦٨).

[6] بڕوانە: http://www.yakgrtu.org/goshad.php?pageid=83.

- لە هەندێك سەرچاوەی تریشدا (٧-١٣) بەیت دیاریدەکەن، بڕوانە: ماجد مردوخ روحانی (٢٠٠٨: ١٧٠٧).

هەموو هاوکێش‌و هاوسەروان‌و لە ئاوازدا یەکن، زاڵیی ڕیتمی ناوەوەو ئاوازی دەرەوەی دەقەکە، دەقەکە بۆ گۆرانیی دەسازێنن، یاخود خۆی ئەوەندە ئاوازدارە کە سروشتییانە لە ڕۆح‌و ئاوەزدا دەبێتە گۆرانیی، شاعیر زۆرجار لەناو بەیتێك لە بەیتەکاندا یان لە بەیتی کۆتایدا ناوی خۆی، یان ناوە خوازراوەکەی، یان ناوە کورتکراوەکەی خۆی دەهێنێت[7]. لەلای عەرەبەکان غەزەل تا سەردەمانێکی زۆر تەنها لە چوارچێوەی (مێ)و هەندێکجاریش لە چێوەی (نێر)دا خولاوەتەوە، بەڵام ئەم تێڕوانیە لای عەرەبەکانیش لە ئێستادا گۆڕاوە بۆ ئەوەی کە هەموو بوارەکانی شیعری لیریکیش بگرێتەوە، لای فارسەکان‌و نەتەوەکانی تر بە ئەورووپییەکانیشەوە لەبەرامبەر مەبەستی زاراوەی غەزەلدا (لیریکا) بەکاردەهێنن، دەوترێت:((غەزەل– شیعرێکی لیریکیی کورتە))[8]، بنەمای سەرەکیی ئەم جۆرە شیعرانە کۆکردنەوەی (خۆشەویستیی‌و گۆرانی)یە بە سۆزێکی مرۆییانەی بەرزەوە، (یان گێڕانەوەو وەسف و باسکردنە لە خۆشەویستییەك کە مەرج نییە تەنها خۆشەویستیی ژن بێت، بە ئاوازدارییەکی وەها کە بشێت بە گۆرانیی بووترێتەوە)، بەڵام ئەمانیش پێیان وایە، شیعری لیریکیی ناتوانێت لە هەموو ڕەهەندەکانیدا جێی غەزەل بگرێتەوە، چونکە لە شیعری غەزەلدا قوڵیی‌و حەسرەت‌و حیشمەتێکی عاشقانە گڕگرتووانەی بزواوانەی زۆرتر هەیە، کە دواتر لە بارەیانەوە دەدوێین. بۆیە غەزەل بە جۆرێك لە جۆرە بنەڕەتەکانی شیعری لیریکیی دادەنرێت‌و لە بەرامبەریدا سۆنێتەی* ئینگلیزیی سۆنێتۆی ئیتاڵیی دێن.

### ٣/١) غەزەل‌و ڕەهەندێکی مێژوویی:

غەزەل لە بنچینە عەرەبییەکەیدا، بۆیە وەکو خۆی تا سەردەمانێکی زۆر ماوەتەوە، چونکە وەك بەشێك لەستراکچەری هەر غەزەلێك مەرجی وەسف‌و باسکردن لە هەوارو کۆنەهەوارو

---

* دیارە مەرج نییە کە هەموو غەزەلێك تەنها بە کێشی عەروزیی بنوسرێت، بەڵام لە ئەدەبیاتی خۆرهەڵاتیدا وا باوبووەو ئەم باوێتییەش بەهانەی لۆژیکیانەی خۆی هەبووە، چونکە کێشی عەرووز باشتر ئاوازەکانی تێدا بەرجەستەدەبێت‌و پارێزگاریی لە ڕیتمی ناوەوەی دەق دەکات‌و چاکتر دەتوانێت دەقێك بۆ گۆرانیی بسازێنێت، ئەگەر نا لە کوردیدا غەزەلەکانی مەولەویی‌و بێسارانیی بە کێشی پەنجیی نووسراون (بڕوانە: د. ئەنوەر قادر محەمەد (١٢٠٠٧: ١٠٦، د. ئەنوەر قادر محەمەد (٢٠٠٧ب: ٧))، لەم ڕووەشەوە ڕای وا هەیە کە غەزەلەکانی بێسارانیی‌و مەولەوی‌و ئەدەبیاتی گۆران بە ناوەڕۆکێکی غەزەلیانە، نەك شێوازی خودی غەزەل بێت، چونکە دەقەکان بە قاڵبی مەسنەویی دەزانێت نەك غەزەل (بڕوانە: دکتر انور قادر محمد (٢٠١١: ٨٧))، بەڵام دەشێت بەمەسنەویی غەزەلنووسین بە یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی ئەدەبی کوردیی بزانین، بە تایبەتیش کە دواجار ئەم دەقانە دەچنەوە ناو ناوەڕۆکە ویژدانیی‌و لیریکییەکان‌و دەقێکی ئاوازدارانەی وەهان کە لەگەڵ سروشتی ڕیتمی کۆمەڵایەتیی‌و دەروونیی تاکی کورددا دەگونجێن، واتە هەموو تایبەتمەندییەکانی غەزەلیان لە خۆیاندا هەڵگرتووە، تەنها عەروزێتیی کێشەکانیان نەبێت، لە خۆرئاواشدا سۆنێتەکان بە عەرووز نەنوسراون.

7 بڕوانە: سیما داد (٢٠٠٨: ٣٥٠)، J. A. Cuddon (2001: 642- 646)، http://en.wikipedia.org/wiki/Ghazal.

8 د. ئەنوەر قادر محەمەد (١٢٠٠٧: ١٠٦).

* سۆنێتە (sonnet)، شیعرێکی کورتە کە لە چواردە دێڕ تێپەڕناکات‌و بە گۆرانیی (song) دەوترێتەوەو باس لە خۆشەویستیی (love) دەکات. بڕوانە: J. A. Cuddon (2001: 642)، طارق علوش (٢٠١١ : ٣٤٣).

سروشتو ئەو گیاندارانەی لەگەڵ مرۆڤدا ژیاونو خۆشەویستییو دواتر ژن دانراون[٩]، سروشتەکەی ئەوانیش چوارچێوەی خۆیانی تێنەپەڕاندووە، هەر بۆیە زۆرجار ڕاستە تەواوی غەزەلێك لەسەر ژن وەستاوەتەوە، بەڵام لە بەشێکی غەزەلەکەشدا بایەخ بەوانی تر دراوە، لە غەزەلی نەتەوەکانی تردا ئەم بوارانەی تریان جیاکارییانە بەکارهێناوە، دواجار عەرەبەکانیش لە ژێر کاریگەریی میللەتانی تردا ئەم بونیاتەیان گۆڕیوە.

ئەم جۆرە شیعرە بەشی هەرەزۆری ئەدەبیاتی خۆرهەڵاتییو بەشێکی دیاری ئەدەبیاتی خۆرئاوایشی پێکهێناوە، زۆرجار بە کۆنترین یەکەی ناو تێکستە ئەدەبییە جیهانییەکانیش ناودەبرێت، بە تایبەتیش لەو ڕەگەیەوە کە بە شیعری لیریکییەوە بەستراوەو ناتوانرێت غەزەل لە ئاستە گشتییەکەیدا بکرێتە دەرەوەی هەر لێکدانەوەو دابەشکردنێکەوە کە بۆ لیریکا دەکرێت، (هاربێرت جۆسیف مولەر) دەڵێت: ((ئەدەبیاتی گریك وەکو زۆرێك لە میللەتانی تر بە لیریکا دەستپێدەکات))[١٠]، ئەرستۆش دابەشکردنەکانی خۆی بۆ شیعر بۆ داستانو لیریكو درامای شیعریی دابەشکردووە[١١]، (گۆتە)یش بەهەمان شێوە داستان و شیعری لیریکییو دراما بە جۆرە بنەڕەتییەکانی شیعر دادەنێت[١٢].

(هیگڵ) شیعر بۆ دوو جۆری سەرەکیی کە (داستانو لیریکی)ن، دابەشدەکاتو لە لێکدانی ئەم دووانەش جۆری سێیەم دیاریدەکات کە (شیعری درامی)یە، کە بۆ درامای کۆمیدییو تراژیدیی بەشی دەکاتو لە لێکدانی ئەم دوانەشەوە (درامای نوێ) پێکدەهێنێت[١٣].. (ت. س. ئیلیۆت)یش شیعر بۆ لیریکییو داستانو دراما دابەشدەکات[١٤]. لە مێژووی ئەدەبیاتی هیندییو ئێرانییو عەرەبیشدا دیسانەوە سەرەتای مێژووی ئەدەبیاتیان بەم جۆرە شیعرانە دەستیانپێکردووە. دیارە ئەمە ناکاتە ئەوەی کە هەموویان بە هەمان مەبەست لەم جۆرە شیعرەیان ڕوانی بێت، بەڵام ئەوەش ڕەتناکاتەوە کە هاوبەشێتییەکی زۆریش لە شێوە یان ناوەڕۆك، یان هەردووکیاندا، لەلای هەموویان هەبوونو هەن. دیارە لە ئەدەبیاتی کوردیشدا لەگەڵ ئەو ڕەگە قوڵەی ئەم جۆرە شیعرە هەیەتی بەشی هەرەزۆری ئەدەبیاتی کوردیشی داگیرکردووە[١٥]. تا ئەوەی زۆرجار لە لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکاندا ئەم جۆرە شیعرە جێی تەواوی شیعری لیریکیشی گرتۆتەوەو بە (شیعری عاشقانە) باسکراوە[١٦]. پیرەمێردیش بەهای غەزەل لە ئەدەبیاتی کوردیدا باشتر دەچەسپێنێتو دەنوسێت: ((پێش ئەوەی بچمە ئەستەمووڵ، کەشکۆڵێکم نووسیبوو بەکاغەزی زەردو شینو سوورو مۆر، هەرچی شاعیرێ کە بیستبووم چەند غەزەلێکی نایابی ئەوم نووسیبوو، خەڵكو خوا ئەیان برد لە بەریان ئەنووسیەوە. تاقەتیان نەدەبوو، هەر لاپەڕەیەکی شیعری خۆشی تیا بوایە ئەیان پچڕیو دەریان دەهێنا، تا دوایی سوێنم خوارد بە کەسی نەدەم، بەوەیش وازیان لێ نەهێنام، ناچار لە ژووری ئەو خوارە چاڵە گەنمێکی ساڵی گرانیمان مابوو خستمە چاڵەکەوە، بەسەریا ڕۆییم بۆ ئەستەمووڵ، خوا ئەیزانێ لەو چاڵەدا وەك قامیشە نەیەکەی کە مەولانای ڕۆمی مەسنەوی لەسەر

---

[9] بڕوانە: د. محمد غنیمي هلال (١٩٧٣: ١٨٩).

[10] Herbert Joseph Muller (1965 : 37)

[11] بڕوانە : د. عیزەدین مستەفا ڕەسولْ (٢٠٠٥ : وانەکانی خوێندنی باڵا).

[12] یا. إي. ایلسبورغ (١٩٨٠ : ١١).

[13] د. شكری عزیز الماضي (١٩٨٥ : ١٠٠-١٠١).

[14] سەرچاوەی پێشوو (١٠١).

[15] بڕوانە: (د.دڵشاد عەلی: ١٩٩٨: ٢٣).

[16] بڕوانە: د. سیروس شمیسا (١٩٩٥ : ١٢٠).

داناوه، چەند بۆ خۆی شەرحی جودایی داوه تا نەماوه))[17]. لە ئەدەبیاتی هەندێك لە میللەتانی خۆرهەڵاتیشدا، غەزەل بووەتە ناسنامەو ناونیشانی تەواوی قۆناغێك یان چەند قۆناغێكی ئەدەبیی، وەك لای عەرەبو فارسو هیندییەكان دەردەكەوێت[18]، لەلای كوردیش لە مەلای جەزیرییەوە دەستپێدەكات، بەڵام (لە سەردەستی شاعیرانی قوتابخانەی بابان (نالیو سالمو كوردی) دەگاتە ئاستێكی هونەریی بەرز)[19].

لەم توێژینەوەیەدا، ئەو تایبەتمەندییە زاراوەییانەی غەزەل بەهێند وەردەگرینو دەیانكەینە بنەما بۆ پێوانەكردنی چەند تێكستێكی نوێ لە ئەدەبی كوردیدا و بەتایبەتیش لە ئەدەبیاتی نوێی خۆرهەڵاتی كوردستاندا، كە شارەزاییو پابەندبوونیان بە ڕەسەنایەتییەوە لە ئێستادا گەڕاندونیەتیەوە بۆ نووسینی غەزەل، كە لە سەردەمی گۆڕانی شاعیرەوە ئەم جۆرە شیعرییانە تەنها وەك قاڵبی شیعری كۆن سەیركراون تا بە ئێستاش دەگات[20]، بەڵام لێرەدا ئەو ڕاستییە دەسەلمێ كە چۆن هەندێك لەو شاعیرانە توانیویانە غەزەلی دوێنێ لە ئەمڕۆدا، داهێنەرانە بكەنە دەقێكی باڵاو ئاوازەو شیاوو دەق بە ئاوەزو بیرو ڕۆحو گیانی خوێنەرانی كوردەوە سەرلەنوێ ئاوازدارانە ببەستنەوەو بیانكەنە گۆرانی سەر زاری ناوەوەو دەرەوەی خەڵك.

### ١/ ٤) تایبەتمەندییە گشتییەكانی غەزەل:

لە غەزەلدا كۆمەڵێك بنەما كۆدەبنەوە، كە وادەكەن كاریگەریی شیعرێكی بە غەزەل نووسراو زیاتر بكەنو لەگەڵ ڕۆحو نەستو هەستی خوێنەردا تێكەڵاوبن، لە هۆشیدا بتوێنەوە و ببنە ویردی سەرزمانیان، ئەوانیش بریتین لە*:

- بەكێشێكی ئاوازدارانە دەنووسرێت، كە توانای بەرهەمێنانی مۆسیقای هەیە لە كاتی گۆكردنیدا، ئەو كێشانەیش زۆرتر خۆیان لە كێشە عەروزییەكاندا دەبیننەوە.
- هاو سەروایی، یان سەرواداریيەكی نزیك لە یەكتر، یان سەرواگەلێكی تێكەڵاو كە توانای بەیەكەوە هەڵكردنیان هەیە لە دەقێكدا وەك ئەوەی لە سەروای مەسنەویشدا پەیڕەودەكرێت، كە دواجار كێشەكانی دێڕێك ئاوازدار دەكەنو دەبنە ڕیتمێك بۆ گۆرانیی، ئەوەی دەكرێت پێی بڵێین بەرجەستەكردنی مۆسیقا لە كێشی دەقدا.
- بیرێكی دیاریكراو، پەرتبوو بەسەر بیرۆكەكانی دەقەكەدا، بەشێوەیەك كەوەك گرتەیەكی فۆتۆگرافیی دیمەنی كەسێك لە كاتو شوێنێكی دیاریكراودا دەردەكەوێت.
- وەسفكردنێكی هونەرمەندانەو دۆزینەوەی لایەنە تاپۆ یان شاراوە یان دركپێنەكراوەكان.

---

[17] بڕوانە: ژیان (١٩٣٨: ژ ٥٤٧: ١).

[18] بڕوانە: د. محمد رضا شفیعي كدكني (٢٠٠٩: ٣٧- ٦٨)، د. محمد سامي الدهان (١٩٨١)، أحمد تيمور باشا (١٩٧١)، سيد صديق عبدالفتاح (١٩٩٧)، أندري ميكيل (١٩٨٧)، د. كمال خلايلي (١٩٩٣)، إميل ناصف (١٩٩٦).

[19] د. ئەنوەر قادر محەمەد (٢٠٠٧: ١٠٧).

[20] بڕوانە: گۆران (گۆڤاری هیوا: ١٩٦١: ساڵ٤: ٦-٧).

* بۆ دیاریكردنی هەندێك فۆرمی گشتیی ئەم تایبەتمەندییانە سوود لەم سەرچاوەنەیش وەرگیراوە: J. A. Cuddon (2001)، سیما داد (٢٠٠٨)، د. ئەنوەر قادر محەمەد (٢٠٠٧)، إميل ناصف (١٩٩٦)، د. محمد سامي الدهان (١٩٨١)، محمد رضوان الداية (٢٠١١)، د. محمد غنيمي هلال (١٩٧٣)، علي طنطاوي (١٩٨٨)، د. عبدالحكيم عبدالله الزبيدي (٢٠٠٧).
،http://en.wikipedia.org/wiki/Ghazal
.http://www.arab-ency.com/index.php?module=pnEncyclopedia&func=display_term&id=13718&vid=9

- سۆزێکی قوڵو بەهێز، کە توانای  وێناکردنی هەر شتێکی درککپێکراو یان پێنەکراوی هەیە، توانای وروژاندنی هەر کەسێکی هەیە کە بەگوێی دڵ گوێی بۆ بگرێت.
- خەیاڵێکی فراوان کە دەتوانێت پەی بە دۆزینەوەی شتە نادیارو ونبووەکان ببات‌و وێنایان بکاتەوەو، توانای بینینی شتە نەبینراوەکانی هەیە.
- زمانێکی شیعرییانەی وەها کە هونەرمەندێتیی تێدا ڕسکابێت، هەموو وشەکانی ناو فەرهەنگ دەخاتە خزمەتی گوزارشتکردن لەو بیرەی دەیەوێت لە وێنەیەکدا بەرجەستەیان بکات، مانای نوێ لەو کەرەستە زمانیانەوە بەرهەمدەهێنێت کە بتوانن  حاڵەت‌و دیاردەکان مۆسیقیانە بنووسرێنەوەو تۆماربکرێن.
- وێنەگەلێك کە تیایاندا جوانییەکان دەبینرێن‌و تارماییەکان دەردەکەون‌و خەونەکان لە حەزدا دەبنە ڕاستەقینەو چێژو ئارەزوو خواستەکان دەوروژێنن، دنیابینیی بەرامبەر فراوان دەکەن، بەجۆرێك بتوانێت جوانیی لە چاوی دەقەکەوە ببینێت.
- لە هەر غەزەلێکدا بابەتگەلی جیاجیا هەن، بەڵام هەموویان لە پەیوەندییەکی دیالێکتیکیدان‌و پەیکەرە گشتییەکە تەواو دەکەن.
- تێڕوانینی ئایدیالیستیانەو بە پیرۆز سەیرکردن زاڵە بەسەر هەر تێڕوانینێکی ماتریاڵییانەدا.
- ناسۆریی‌و خەم‌و خەفەت‌و ئێش‌و ئازارو نەهامەتیی‌و نامۆیی‌و جیابوونەوەو دوورکەوتنەوەو خواست بۆ بەیەکگەیشتنەوەو دەست بە بەرامبەر ڕانەگەیشتن‌و داخ بۆ تەواوبوونی خۆشییەکان‌و خەمناکیی هەن.
- لە زۆربەردا پاڵەوانی ناو دەقە غەزەلییەکان، مەعشوقەکەیەو عاشق کە لە فۆرمی گشتییدا خۆی لە شاعیردا دەبینێتەوە، هەموو ڕۆڵەکان بەو دەبەخشێت‌و هەموو بەهاکان لەوەوە سەرچاوەپێدەگرێت‌و سەنتراڵیەتی دەق بریتی دەبێت لە مەعشوق.
- غەزەل دژی ڕووکەشێتییەو لە هەوڵی بەردەوامدایە بۆ قوڵداچوون‌و شۆڕبوونەوە و توانەوەو ئاوێزانبوون بەناخی زماندا تا جوانتر وێنەی ناوازە وێنابکات.
- لە غەزەلدا بایەخێکی سەرەکیی بە واتا دەدرێت‌و غەزەلنووس، دەیەوێت واتاکان لە ناو دەربڕراوەکاندا بشارێتەوەو پیشانی ئەوانەی بدات کە بەدوای دۆزینەوەیدا دەگەڕێن.
- غەزەل بەرهەمێکی شیعرییانەی عەشقگەرای سۆزگەرایە، زۆرجار لۆژیك‌و ژیریی دەکاتە قوربانی ئەو عەشقەو پێی وایە لە نێوان عاشق‌و مەعشوق (بەچەمکە گشتییەکەی) نابێت هیچ ڕێگرییەك هەبێت.
- لە غەزەلدا شتەکان وا وێنا دەکرێت کە غەزەلنووس دەیەوێت، نەك وەك ئەوەی کە خۆیان هەن.
- لە غەزەلدا خۆشەویستیی بەوشەگەلێك دەردەبڕرێن کە دواجار لە وتنەوەیاندا گۆرانی خۆشەویستیی بڕسکێنن.
- بایەخێکی زۆر بە وەسفکردن دەدرێت*.
- خۆشەویستییەکی بێگەردانەی دوور لە ڕەهەندە سێکسییە ڕووتەکان پەیڕەودەکات، زۆرتر لەم خۆشەویستییەدا خۆشویستنێکی ڕۆحیانەی سۆفیگەرییانە ڕەنگدەداتەوە، یان

---

* لە غەزەلی کۆنی عەرەبی‌و خۆرهەڵاتیدا، بایەخێکی زۆر بە وەسفکردنی ژن دەدراو لەناو ئەو وەسفانەشەوە چێژی کۆن ئەم وێنانەی بەرهەمهێنابوو کە تا ئێستاش بەشێکیان لە دەقدا دەوترێنەوە: ( سپێتیی گیان، نیانیی پێست، سپێتیی دان، درێژیی قژ، گەردن بەرزیی، ڕەشی چاو، ڕەوتی ئاسك، تیژیی نیگا، دەمی تەڕ، باڵای بەرز، قەدی باریك، بۆنی خۆش،...تا). بڕوانە: د. محمد سامی الدهان (١٩٨١).

غەزەلنووس دەیەوێت جوانییەکان لە تێکەڵاوبوونە مرۆییەوە بنووسێتەوەو بگێڕێتەوە، واتە جوانیبەخشین بە شتەکان و کردەو پرۆسەکان.

- غەزەل وەك زمانی حاڵی غەزەلنووس دەردەکەوێت و تیایدا تێڕوانینی خۆی بۆ ژیان و ژین و مرۆڤ و سروشت و گەردوون، دەخاتەڕوو.
- لە ستراکچەری گراماتیکیی غەزەلدا، زۆرتر ناوو ئاوەڵناوو ئەدڤێربڵەکان بەکاردەهێنرێن و کردار لە زۆربەردا بۆ دیاریکردنی کردەی کردنەکەو واتاتەواوکردن بەکاردەبرێت، تەنها لەو حاڵەتانەدا نەبێت کە غەزەلنووس مەبەستییەتی کردارگەلێکی زۆر بداتە پاڵ بکەرێك (ناوێك) لەمەشدا بەقازانجی واتایی و بەهای کەسێتیی بکەرەکەدا دەکەوێتەوە.
- لە هەر غەزەلێکدا کۆمەڵێك کەرتە گرتەی فۆتۆگرافیانە هەن، کە هەموویان پێکەوە ڕیزبەندانەو پێڕەوبەندانە دەجولێن و وێنەیەکی سینەمایی جوڵاو لە زەینی خوێنەردا دروستدەکەن.
- لە هەر غەزەلێکدا ترپەو نرکەو ناڵەو ترس و تەنگەنەفەسیی و شڵەژان و خۆشیی و کەیف و بەزم و گۆڕانی باری دەروونیی غەزەلنووسێك هەن و لەڕێی وشەو ڕستەکانەوە خۆیان نمایشدەکەن.
- لە ڕووی زاراوەو وشەسازیی و بەکارهێنانی وێنەی وشەییەوە تێکەڵاویی لە نێوان زمانە خۆرهەڵاتییەکان بەگشتیی و زمانەکانی عەرەبیی و فارسیی و دواتریش کوردیی و تورکیدا، لەناو دەقە غەزەلییەکاندا، پەیڕەوکراون.

## ٥/١) ڕۆڵی غەزەل وەك ژانرێکی ئەدەبیی:

غەزەڵ، وەك ژانرێکی ئەدەبیی، لە چوارچێوەیەکی داخراودا نامێنێتەوە، بەڵکو توانای تێکەڵاوبوونی بە هەندێك ژانری ترو توانای پەڕینەوەی هەیە لە چێوەیەکی ئەدەبییەوە بۆ کایە مرۆییەکانی تر، لێرەدا بەشێك لەو ڕۆڵانەی غەزەل لەم بوارانەدا دەیبینێت، دەخەینەڕوو:

- غەزەل لەگەڵ گەشەکردنی مرۆڤدا بەهای زیاتر دەکات و غەزەلێك گەر لە ڕابردووشدا نووسرابێت، نرخی لە ئەمرۆدا زیاتر بووە، چونکە گوزارشتە لە حەزو ئاوات و خواستی ناوەوەی مرۆڤ کۆن نابێت (غەزەل، قاڵبێکی تەڵاییە کە قەت کۆن نابێت)[21]، بەمەش توانای مانابەخشینەوەی بە مێژوو هەیە و زیندوێتیی دەکات بەبەری دەقدا.

---

[21] .http://khabarbaz.parsbloger.com/post15.html

- هەندێك لەمەش زیاتر دەڕوانێتە (غەزەل)، وەك ئەمەی خوارەوە کە لەلایەن نووسەرو شاعیری دیاری ڕۆژهەڵاتی کوردستان (حەسەن سەڵاح (١٩٤١-٢٠٠٩) ناسراو بە (مامۆستا سۆران))ەوە نووسراوە:

((قوببەیی سەر دوندی بەرزی هەستی ئینسانە غەزەل،
کووچە باغی سەوزی بیری شاری هەستانە غەزەل.
بۆ بەیانی مافی هۆز و دەربرینی دەردە کورد ،
مەڵهەمی ناسۆری زامی دەردی کوردانە غەزەل.
کانی گەنجی مرخی شەنگە ، پڕ لە پەندە و فەلسەفە ،
کەشتی ئەفکاری مەندی گۆلی عیرفانە غەزەل.
کاتی ماتی و ڕەنجەڕۆیی و لانەوازی هۆش و لەش ،
جەوهەری ئێکسیری ڕۆحە ، داو و دەرمانە غەزەل.
دوای ڕەوێنی هەوری توند و هەڵمی بارشتی خەیاڵ ،
کۆلکە زێڕینەی هەتاوی پاشە بارانە غەزەل.
باڵەخانەی شانشینی مێری شازی وێژەیە ،
سەرگوڵی بەستە و مەقام و شاهی دیوانە غەزەل .

- غەزەل لە زۆربەردا دەبێتە سەرەتای هەر قەسیدەیەکی شیعریی و هەر ڕۆمانەشیعرێک، هەندێکجاریش وەک یەکەیەکی سەربەخۆ بەڵام کارلێکراوانە دەچێتە ناو چیرۆک و دراماو ڕۆمانەکانەوەو وەک ناوەڕۆک و مەبەست و ئیحای شیعریش خۆی لە زۆربەی زۆری دەقە ڕۆمانتیکییەکاندا دەبینێتەوە.
- لە غەزەلدا وێنەیەک یان چەند وێنەیەک لە چوارچێوەی وشەو دەربڕاوە زمانییەکاندا دەپارێزرێن، بۆیە ناوی کەسێک یان دیاردەیەک لە ناو غەزەلێکدا وەک وێنەیەکی ئەوانە وایە لە ئەلبومی یادەوەرییەکانداو توانای ئەوەی هەیە ئەو وێنانە بەزیندوویی بپارێزێت.
- غەزەل، ڕێگایەکە بۆ گەیشتن بە شتە پیرۆزو باڵاکانی وەک (خودا، ئازادیی، ژن،...تاد).
- بەشێک، یان دیمەنێکی سایکۆسۆسیۆلۆژیانەی کۆمەڵگا و زمان و فەرهەنگ و کەلتووری مۆدێلی باوو زاڵ یان دەسچن و تایبەتی کەسێک، لە قۆناغ و سەردەمێکی دیاریکراودا تۆماردەکات و دەیکاتە کەرەستە بۆ بەراوردکردنی دنیابینییە جیاوازەکان و چۆنێتیی گەشە یان پاشەکشەکردنە کۆمەڵایەتیی و ئەدەبیی و زمانەوانییەکان.
- بەوردیی لە چێژ دەودوێت و، چێژی سەردەمەکەی، یان چێژی زاڵ و باو، یان چێژی غەزەلنووس و چێژبینینی ئەو تۆماردەکات، کە ئەمەش لە لێکۆڵینەوە سۆسیۆلۆژییەکانی ئەدەبدا بۆشاییەکی گەورە پڕدەکاتەوە.
- تاکگەرایی بەهێزدەکات و دەرفەتی ئەوە دەسازێنێت کە هەر کەس لە ڕوانگەی خۆیەوە دەرەوە وێنا بکاتەوە، هەمەڕەنگیی هارمۆنیانە بەرهەمدەهێنێت.
- گەشە بە هونەرەکانی تری وەک مۆسیقاو گۆرانیی و دراماو نواندن و...تاد، دەدات.
- پابەندێتیی و وابەستەبوون بە مرۆڤ و نیشتمان و نەتەوەوە بەهێزدەکات، وادەکات کە ئێمە هەموو ئەو شتانەمان خۆشبوێت کە لە غەزەلێکدا دەیانبینینەوە.
- شیعرێکە دەتوانێت بمێنێتەوەو خۆی لە ئاوەزو ویژدانی ئەوانی تردا بدۆزێتەوە، خۆشەویستیی بەسەر ڕقدا زاڵدەکات و جوانیش دەکاتە ئامرازێک بۆ پاکتاوکردنی هەموو خەوش و ناشیرینییەکان، بونیاتی ئیستاتیکیی لە دەقدا بەهێزدەکات. چاو هان دەدات بۆ دۆزینەوەو بینینی جوانییەکان و دەرفەتێکە بۆ ئەوەی بەدوای دۆزینەوەی جوانییەکانەوە بین نەک ناشیرینییەکان.

---

بەردەنووسی سنگی خەڵکە ، ڕەنگی فەوتانی نیە ،
کۆنەشی مزر و فەریکە ، ڕەمزی هەرمانە غەزەل .
بۆ پیاسەی هەستی تاسە و سۆزی دەمسازی ئەوین ،
خەڵوەت و زەنوێر و کەسکە ، چەشنی جێژوانە غەزەل.
سەمفۆنی وێژە و خەیاڵە ، نۆتی مێلۆدی بەیان ،
سازی دەمسازی ئەوینە ، باغی مەستانە غەزەل .
ڕێنوێنی ڕێی مرۆڤە بۆ ترۆپەی بەرزی ژین ،
دوژمنی پەستی و دهۆیە ، دژ بە وێستانە غەزەل.
بەرهەمی بۆچوونی وردی ، حەزرەتی نالی و ئەدەب ،
ئاڵوباڵوی شارەزوور و شاری بۆکانە غەزەل.
بۆ وەڵامی زوڵم و زۆر و کێشەجاڕی ناحەزان ،
ئەسڵەحەی بێ دەنگی دەستی مامە سۆرانە غەزەل))، **بڕوانە:** http://sardasht.org/kurdi/print.php?id=418

**- ئەمین گەردیگلانی-یش لە غەزەلێکدا بە ناونیشانی (غەزەل)ەوە، دەنووسێت: (جوان پەرستیم کردە پیشە، هەر کە دیم چاوی غەزەل سەبرو ئۆقرەی لێبڕا دڵ، کەوتە ناو داوی غەزەل...تاد) بڕوانە: ئەمین گەردیگلانی (١٩٩٧: ٣٦- ٣٧). هەندێک شاعیری تریش تەواوی بەرهەم و دیوانەکانیان بە ناوی غەزەلەوە ناوناوە، وەک (کانیاوی غەزەل: مستەفا پۆڵادەرک (ڕامیار): ٢٠٠٨).**

- بیر بۆ لێکدانەوەی جیاواز ڕادەکێشێتو زۆرجار هانی بیربزواندن دەداتو خەیاڵو بیرکردنەوەی خوێنەر بۆ لێکدانەوەی جیاوازو بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە دەبات.
- مرۆڤ بە هەردوو ڕەگەزەکەیەوە بەبەهادارترین بوونەکانی سەر زەوی وێنادەکاتو دەیلاوێنێتەوەو پیاپیداهەڵدەداتو دەیکاتە گۆرانیی، بۆیە گیانی مرۆڤدۆستیی و مرۆڤویستیی لە غەزەلدا بەهێزانە دەردەکەوێت.
- هاوسەنگیی دەبەخشێتەوە بە ژیان بە تایبەتیی لەسەردەمی مادەگەراییداو بەها بە سۆزو ئەندێشەو خەیاڵ دەداتەوە کە مرۆڤ ناتوانێت بێ ئەمانە بژی.
- واتا بە ژیان دەبەخشێتەوەو زەمەنو جوگرافیاو تەمەن، بەرەو جۆرێك لە ڕەهابوون دەباتو مرۆڤ ئاوێزانی کەلتورە جیاوازەکان دەکات.

## بەشی دووەم: غەزەل لە ئەدەبی کوردیدا

### ١/٢) غەزەلو ڕەهەندێکی مێژوویی:

غەزەل لەگەڵ سەرەتای مێژووی نووسراوو دیاری ئەدەبیی کوردیدا دەستپێدەکات، ئەمەش بۆ باباتاهیری هەمەدانیی (٩٣٧- ١٠١٠)دەگەڕێتەوە*، بەتایبەتیی لەو بەرهەمانەیدا کە لە مۆزەخانەی قۆنیا لە ناوەندی وڵاتی تورکیادا لە ئارامگای جەلالەدینی ڕۆمیدا دۆزراونەتەوە، یەکێك لەو بەرهەمانە غەزەلێکی حەوت بەیتییەو بەم بەیتە دەستپێدەکات[٢٢]:

زاری جەم دی وە دایی مورج ئەد خەورود
مورجان دوو دەستی وە خودا دەرود

لەبارەی بابا تاهیرەوە دەوترێت: ((باباتاهیر شیعری بۆ سروود گوتن واتە گۆرانی چڕین بۆ ئەهلی هەقی یارسان نووسیوە))[٢٣] و بە دەرکەوتنی ئەدەبی سۆفیگەریی کوردیش دادەنرێت[٢٤]، کە دواجار دەکەوێتە کرۆکی شیعری لیریکییەوە.

دواتر مەلای جزیری دێت، ((ئەم فۆرمی کلاسیکیی غەزەلی عەرەبی- فارسیی بە ناوەڕۆکی لیریکیی سۆفیی تەقلیدییەوە هێناوەتە ئەدەبی کوردییەوە))[٢٥]. بەدوای ئەودا، فەقێی تەیران دێت کە کۆمەڵێك شیعری غەزەلیی سۆفیگەریی بەناوبانگی هەیە[٢٦]، شاعیرێکی تری کورد ئەحمەدی خانی

---

* لەم بارەیەوە ڕای جیاواز هەیە، د. عیزەدین مستەفا ڕەسول، مێژووی غەزەلی کوردیی بۆ بابا تایەری هەمەدانی دەگێڕێتەوە، بڕوانە: د. عیزەدین مستەفا ڕەسول (٢٠١٢: ١٢٣)، هەرچەندە غەزەلەکانی باباتاهیری هەمەدانی بە زمانی فارسیی نووسراون، بەڵام دواتر دەستنووس گەلێك دۆزراونەتەوە وەك لەسەرەوە ئاماژەی بۆکرا کە غەزەلێکی بە کوردیی نووسراویشیان تێدایە، هەروەها د. مەهدی کاکەیش، باباتاهیر بەشاعیرێکی غەزەلخوان باسدەکات، بڕوانە: http://www.fkgc.com/Faylee-Doc/Makala77.htm، بەڵام ڕای وایش هەیە کە مەلای جزیری بە یەکەمین شاعیری کورد، کە غەزەلی کوردیی نووسیووە، دادەنێت، بڕوانە: د. ئەنوەر قادر محەمەد (٢٠٠٧أ: ١٠٧).

22 بڕوانە: د. مارف خەزنەدار (٢٠١٠: ٢١٨-٢١٩).

23 د. مارف خەزنەدار (٢٠١٠: ٢١٨).

24 بڕوانە: هیاس محمود کاکەیی (٢٠١٠).

25 د. ئەنوەر قادر محەمەد (٢٠٠٧أ: ١٠٧).

26 بڕوانە: د. عیزەدین مستەفا ڕەسول (٢٠١٢: ٢٣٣).

(١٦٥٠- ١٧٠٧)بووە، غەزەلەکانیشی بە پێی لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکان، ((پڕن لە مانای فەلسەفیی قووڵ و گیانی نیشتمانپەروەری))[27]، بەڵام ئەوەی ئاشکرایە، ژانری غەزەل بە شێوەیەکی ڕەسیوو کامڵبوو، لەسەر دەستی شاعیرانی قوتابخانەی بابان: نالی، سالم، کوردیو نەوەی دوای ئەمان حاجی قادری کۆیی (١٨١٦- ١٨٩٤)، مەحویو شێخ ڕەزای تاڵەبانی (١٨٣٢- ١٩٠٩)و شاعیرانی تردا، گەیشتۆتە ئاستێکی هونەریی بەرز و گەشەسەندوو[28].

لە ئەدەبیاتی گۆرانیشدا غەزەل ئامادەییەکی زۆری هەبووە، لە دیارترینی ئەو شاعیرانەی گۆرانیش کە غەزەلیان نووسیوە بریتی بوون لە: بێسارانی، مەولەوی، سەیدی، ئەحمەد بەگی کۆماسی، میرزا شەفیعی جامەڕێزی.

**٢/٢) غەزەل وەك وشەو زاراوەیەکی ئەدەبیی لە ئەدەبی کوردیدا**

دەربارەی غەزەل لە ئەدەبی کوردیدا، دەوترێت:((غەزەل بە کرمانجیی ژووروو و خواروو بنەوانی لە غەزەلو قەسیدەی فارسیی- عەرەبییەوە هەڵگرتووەو هەموو خاسیەتە هونەرییەکانی ئەم ژانرە- کێشو قافیەو ردیف و تەخەلوسو تەرجیع بەندو تەرکیب بەندو موستەزادو...هتد هاتوونەتە ناو شیعری کوردییەوە،... هەر لێرەوە لەو ڕاستییە دەگەین کە لە ئەدەبی کوردیدا غەزەل وەك زاراوەیەکی ئەدەبییو ژانرێکی ئەدەبیی خاوەن تایبەتمەندیی خۆی دەرکەوتووەو بەردەوام پەیوەست نەبووە بە هەموو بنەما باوەکانی غەزەلی عەرەبییەوە، بەڵام نزیکایەتیشی لە فۆرمو ناوەڕۆکیشدا لەگەڵ غەزەلی فارسیی بەتایبەتییو عەرەبیش تاڕادەیەك هەبووە))[29].

لە ئەدەبیاتی گۆرانیشدا، غەزەل وەك ژانرێکی کاراو دیارو زاڵ دەرکەوتووە، ((بەڵام غەزەل بە دیالێکتی گۆرانی، بەگوێرەی هەندێ یاسای هونەریی تایبەتی پەرەی سەندووە. بنەوانی غەزەلی گۆرانی ناچێتەوە سەر شیعری فارسیی – عەرەبی، بەڵکو سەرچاوەکەی ئەم، ئەدەبی فۆلکلۆری کوردییە. ئەم شیعرانە لە باتی عەرووز بە کێشی پەنجەیی، بەتایبەتیش هی دە پەنجەیی، کە خەسیەتییەکی گۆرانیی فۆلکلۆرییە، وتراون. هەروەها قافیەی شیعری گۆرانی، بەپێچەوانەی یەك قافیەیی غەزەلی عەرەبییەوە مەسنەوییە))[30]،

لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا، یەکەم بەکارهێنانو دەرکەوتنی غەزەل بۆ دەقێکی فەقێی تەیرانی ساڵی ١٠٤١ی کۆچیی واتە ساڵی ١٦٣١ی زاینیی[31] دەگەڕێتەوە، کە دەڵێت:

((ل محەمەد هەفت فەلەك چوون
ژ هیجرەت دەور گەلەك چوونە
هەزار سال، چلو یەك چوونە

---

27 د. ئەنوەر قادر محەمەد (٢٠٠٧أ: ١٠٧).

28 بڕوانە: د. ئەنوەر قادر محەمەد (٢٠٠٧أ: ١٠٧).

29 د. ئەنوەر قادر محەمەد (٢٠٠٧أ: ١٠٦-١٠٧).

30 د. ئەنوەر قادر محەمەد (٢٠٠٧أ: ١٠٧).

31 بڕوانە: گ. س. فریمان- گرێنڤیل (٢٠٠٤: ٥٦).

ئەڤ غەزەل هات دیارە))[32]

لە دوای ئەمیش، ئەحمەدی خانی بەکاریهێناوەو نووسیویەتی:

((گەردی هەبوویا مەژی خودانەك
عالی کەرەمەك لەتیفە دانەك
عیلمو هونەرو کەمالو ئیزعان
شیعرو غەزەلو کیتابو دیوان
ئەڤ جنس ببویا ل بال وی مەعموول
ئەڤ نەقد ببویا ل نك وی مەقبوول
من دی عەلەما کەلامی مەوزوون
عالی بکرا ل بانی گەردوون))[33].

دواتر غەزەل وەك ژانرو زاراوەیەکی ئەدەبیی ڕۆچووەتە کرۆکی ئەدەبیاتی کوردییەوەو سەنگێکی گەورەیشی بە مێژووی ئەدەبیی کوردیی لە کۆنو نوێدا بەخشیووە.

### ٣/٢) غەزەلو ئەدەبیاتی نوێ

مرۆڤ ناتوانێت لە لایەنە ویژدانییەکان دوورکەوێتەوە، بەتایبەتیی شاعیرانو لەناو ئەوانیشدا ئەوانەیان کە لە خەمی گەشەپێدانو بەستنەوەی ڕابردووی دێرینو زێڕینی ئەدەبیاتی نەتەوەدان، بە ئێستاوە، لەم نێوەندەدا غەزەل دەردەکەوێتەوە، بۆ ئەوەی بتوانێت گوزارشت لە بیری زیندوو وێنەی شیاوو دەروونی قوولو ویژدانی بزواو بکات، دیارە ئەمەش پێویستی بە پێڕەوێکی ئاوازدارانەی مۆسیقییانەی شیعرییانەی وەها هەیە کە دەرفەتی بوون بە لیریکا بداتە دەقو بیکاتە ویردی سەرزاری خەڵكو نۆتەی ئاوازی مۆسیقاژەنو چریکەی دەنگی گۆرانیبێژان، ((شیعر هەستێکی زاتییە کە لە ناخی زۆربەی مرۆڤەکاندا هەیە، ئەو هەستە هەر ئەو هەستەیە کە خوێنەرێك وا لێدەکا چێژ لە شیعرێك وەرگرێ))[34]، (فروغ فروخزاد)یش دەنووسێت: ((شیعر بۆ من پەنجەرەیەکە کە هەر کاتێك دەچم بۆلای، خۆی دەکرێتەوە، من لە بەریا دادەمنیشم، دەڕوانم، گۆرانی دەڵێم))[35]، لەم ڕوانگانەوە، ئێستا ڕەوتێکی بەرفراوانی غەزەلنووسین لە خۆرهەلاتی کوردستانەوە سەریهەڵداوە، ئەم ڕەوتە لە بنەڕەتەوە کاریگەرن بە سروشتو جوانییو خەمو خولیاو خەونو خواستو کەڵچەرو فۆلکلۆرو ئەدەبیاتی کۆنی کوردو کوردستانەوەو بەتایبەتیش دەقو غەزەلەکانی شاعیرانی کوردی وەك (هێمنی موکریانی (١٩٢١- ١٩٨٦))[36] و (هێدی- خالد

---

[32] بڕوانە: د. عیزەدین مستەفا ڕەسول (٢٠١٢: ٢٤٠).

[33] بڕوانە: د. عیزەدین مستەفا ڕەسول (٢٠٠٨: ١١٣).

[34] http://gerdiglani.blogfa.com/post-16.aspx.

[35] http://gerdiglani.blogfa.com/post-16.aspx

[36] بڕوانە: هێمن (٢٠٠٦).

ئاغای حیسامی (١٩٢٧- ...))[٣٧] و (مامۆستا مەلا عەلی سەعدی(خەمین) (١٩٢١- ١٩٨٤))[٣٨]، خۆیان بە درێژەپێدەری ئەو ڕایەڵەیە دەزانن کە سەرێکی بە فۆلکلۆرو کەلتوورو ڕابردووی نەتەوەوە بەستراوەتەوەو سەرەکەی تریشی لە ئێستادا بە دەستی ئەم پۆلە غەزەلنووسەوەیە کە نەیانهێشتووە تروسکایی غەزەل لە خۆرهەڵاتی کوردستاندا، جیا لە هەر شوێنێکی تری کوردستان، بکوژێتەوە*، ((غەزەل ئێستاش هەر زیندووە و زیندوو دەمێنێ و بەم زووانە قسەی لێ نابڕێ. وا نییە کە هەر نووسراوەیەك بە غەزەل بگوترێ، کۆن بێ))[٣٩].

ئەم ڕەوتە لەگەڵ ئەوەی توانیویەتی بەردەوامیی بە غەزەلی کوردیی ببەخشێت و درێژکراوەی (هێمن و هێدی و خەمین و...تاد) بێت، بەڵام لە هەمانکاتیشدا خاوەنی تایبەتمەندیی و نوێکاریی خۆشیەتی و بە گشتیش بەسەر دوو دەستەدا دابەشدەبێت، دەستەی یەکەمیان ئەوانەن کە وابەستەن بە دیمەن و وێنەو کەرەستەو زمان و وێناکردنە هونەرییەکانی (هێمن و هێدی)یەوە، (حەمە سەعید نەجاڕی (ئاسۆ) و نادری نیروومەند (بۆران) و هادی حەبیبی (هاوڕێ) وەك سێ نمونەی ئەم دەستەیە دەردەکەون و بەشێکی زۆری غەزەلنووسانی تریش هەر بەم میتۆدە دەنووسن. دەستەی دووەمیشیان جگە لەوەی لە قۆناغ و سەردەمی سەرەتاییاندا لەژێر کاریگەریی (هێمن وهێدی)دا بوون، بەڵام خاوەنی ستایڵ و تایبەتێتیی و کەرەستەو مەدلولاتی واتایی و فەرهەنگی شیعریی و وێنەگەلی هونەرییانەی سەردەمیانەی خۆیان و زۆرجاریش لە ڕوانین و دنیابینیاندا لەگەڵ ئەوانەی پێش خۆیاندا نایەنەوە، (ئەمین گەردیگلانی)* وەك نمونەیەکی دیاری

---

[37] بڕوانە: هێدی- خالد ئاغای حیسامی (٢٠٠٨).

[38] بڕوانە: http://40cheme.org/pinase/mamostaXamin.htm.

* هەندێك ڕاو گومانی وا هەبوون کە ڕەوتی غەزەلی نوێ لە ئەدەبیاتی خۆرهەڵاتی کوردستاندا، زۆرتر لە ژێر کاریگەریی شاعیرێکی لیریکیی وەك (نادری نادر پور (١٩٢٩- ٢٠٠٠))دا بووبێت، کە وەك شاعیرێکی دیاری سەردەمە جیاوازەکانی ئەدەبیاتی فارسیی دەرکەوتووەو بەشی هەرە زۆری شیعرەکانیشی غەزەل و ویژدانیی و لیریکین و کەلتوورو فۆلکلۆرو ئەدەبیاتی کۆنی فارسیی کردۆتە کەرەستەو بونیاتی دەقەکانی، کاریگەرییەکی زۆریشی لەسەر شاعیرە لاوەکانی فارس لەم سەردەمەدا هەبووە، وەك (سیمین بێهبەهانی، قەزوە، قەیسەر ئەمین پور، بەهمەنی) کە لە نمونە دیارەکانی غەزەلەی فارسیی ئەمڕۆن، بەڵام دوای لێکۆڵینەوە ئەوەمان بۆ سەلما کە ئەم پۆلە غەزەلنووسە کوردە تەنها بە ئەدەبیاتی کۆنی کوردیی و شاعیرانی کوردو سروشت و خۆشەویستیی کوردو کوردستان کاریگەربوون، نەك بە ئەدەبیاتی بێگانە، هەوڵیانداوە تەریب بە ڕەوتی غەلەی نوێی فارسیی، غەزەلی نوێی کوردیی بنووسنەوە، (حەمە سەعید نەجاڕی (ئاسۆ)) دەنووسێت: ((جەغەتوو، سارووقامیش، پلەو بەردە، هاوینەدێ، شای مەردان، چنارستان، کێوو پشت باغ، برووسکە، شەتاو و... هەموو ئەو شوێنانە بوونە برووسکە و چەخماخەی هەست و ئەوینی ئێمە و بارانی فرمێسکی خەیاڵمانی لە عاسمانێکی بێئەستێرە،.. هێنایە خوار...)) نادر نیرومند (١٩٩٩: ٧).

[39] http://gerdiglani.blogfa.com/.

* (سیامەند بەخت ئازەر)، لەبارەی ئەمین گەردیگلانییەوە دەنووسێت: ((لەئاسمانی ئەدەب و وێژەی کوردیدا یەکێك لەو شاعیرانەی کە توانیویەتی وەك ئەستێرەیەکی پڕشنگدار بەتێهەڵکێشانی وشەی جوان و لەبار و پەتی و ڕەسەنی کوردی وەك تان و پۆ قاڵیی ڕەنگینی شێعر و پەخشان و ڕستە و وێژەی کوردی ڕازاوەتر بکات و بەکایەکردن و وێنەی شێعری ناسك خەیاڵی لە هۆنراوەی کوردیدا بگەیینێتە ئەوپەڕی... .هەروەها بەوەرگێڕانی ڕۆمان و کورتە چیرۆك و وتار، توانایی و دەوڵەمەندیی زمانی کوردی لەبارەی دارابوونی وشە و دەستەواژە و ئیدیۆم و... بەو کەسانە کەناشیانە و دڵچڵکانانە باس لە دەست کورتی و لاواز بوونی زمانی کوردی بۆوەرگێڕان

ئەم دەستەیە دەردەکەوێت* و دەنووسێت: ((ئێمە دەبێ لەگەڵ ڕۆحی خۆمان ساغ بینەوە، دەبێ لەگەڵ هەستی خۆمان یەکچاو بینەوە، زۆر ڕواڵەتی جوانمان هەیە لە ناخەوە دزێو و لاپرەسەنن، زۆر دوورکوژی نزیك خەساریشمان هەیە. جا بۆیە من تکا لە شاعیران دەکەم درۆ لەگەڵ هەستی خۆیان نەکەن. نامەوێ لایەنگری لە غەزەل و شێعری کێش و سەروادار بکەم، بەڵام پێم وایە غەزەل لە زمانی کوردیدا هێشتا قسەی زۆر پێماوە بۆ گوتن. بە شەرتێ غەزەل بێ و ڕۆحی شێعری تێدابێ و بە چاوێکی ئەمڕۆییانەوە سەیری مرۆڤی ئەمڕۆ و خەم و ئاواتەکانیان بکا. ئەدەبیاتی ئەمڕۆ ئیتر ئەدەبیاتی پاڕانەوە و لاڵانەوە و مەرایی کردن نییە. شێعری ئەمڕۆ بە شاخ و باڵی کەسدا هەڵناڵێ و بوت و خودای درۆیینە لە کەس داناتاشێ. شێعری ئەمڕۆ حەقیقەتە و شاعیری ڕاستەقینەش داوەرانە سەیری ژان و خەم و شادی و نیازەکان دەکات،...غەزەلی ئەمڕۆ ئیتر سووتان و پڕووزان و فرمێسك هەڵوەراندن و پاڕانەوە نییە و ڕۆژگاری شەمع و پەروانە و گوڵ و بولبول بەسەر چووە و دەرد و ئازاری مرۆڤی ئەمڕۆ هێندە قورس و جەرگبڕە ئیتر سووتانی پەپوولەی بەجارێ کاڵ کردۆتەوە))[٤١].

بەگشتیی غەزەلنووسانی ئەمڕۆی خۆرهەڵاتی کوردستان بریتین لە (ئەمین گەردیگلانی، حەمە سەعید نەجاڕی (ئاسۆ)، نادری نیروومەند (بۆران)، هادی حەبیبی (هاوڕێ)، ، عەزیزی ناسری، ئەمجەد وەیسی، میلاد ئەمانوڵڵاهی (یادگار)، ڕەسووڵ سوڵتانی، ئەحمەد یاسینی (پشکۆ)، زاهید حاجی زادە، ئیبراهیم ئیسماعیل پور (شەماڵ)، قادر عەلیخا، سۆران حوسێنی، ناسر فەرشادیان، جەعفەر نەوبەهار، یاسین ئەمین پوور، لوقمان بیربادینی، فەخرەدین خزری، ناسر یەزدانی، مەلا کەریمی ڕاوچی، مامۆستا حەقیقی، حەبیب عەنبەری، سمایل عەزەمی، عەلی سەلیمی بابا میری (پشکۆ)، مستەفا پۆڵادەرك (ڕامیار)،...)[٤٢].

---

دەکەن بسەلمێنێ. ئەم ناسك خەیاڵ و مامۆستای بەکارهێنانەی وشەی ڕەسەنی کوردی شاعیری دڵسۆز و دەڕۆست بە زمانی نەتەوایەتی (کاك ئەمین گەردیگلانی)یە. کاك ئەمین گەردیگلانی ساڵی ١٩٧٠ لە گوندی «گەردیگلان» هەڵکەوتوو لە نیوان سەقز و بۆکان لەدایك بووە. لەساڵی(١٩٨٨)ەوە لەگەڵ دنیای ئەدەبی کوردی ئاشنابووە و لەو بوارەدا چالاکیی نواندووە)). بەرهەمە بڵاوکراوەکانی بریتین لە: "تاپۆی وەرزێکی سەوز" شیعر- ١٩٨٨ تەورێز، شەوەژانی ئەستێرەیەك" شیعر-٢٠٠١ تاران، "مەرگەخەون" شیعر- ٢٠٠٤ تاران، "دیسان لەو شەقامانەوە" چیرۆکی بیژەن نەجدی (وەرگێڕان) ٢٠٠٦ هەولێر، "تەپڵی ئاور"چیرۆکی بیانی(وەرگێڕان) ٢٠٠٦ هەولێر، "جێگای بەتاڵی سلووچ" ڕۆمانی مەحموود دەوڵەت ئابادی (وەرگێڕان) ٢٠٠٧هەولێر، "خۆرولاولاو" کۆمەڵە شیعری منداڵان ٢٠٠٧ بۆکان، "یەکگرتن" چیرۆکی منداڵان « قودسی قازی نوور» (وەرگێڕان) ٢٠٠٧هەولێر، "برایانی کارامازۆف" ڕۆمانی فیودۆر داستاییێفسکی(وەرگێڕان) ٢٠٠٨ هەولێر، "خولیای نووسین" کۆمەڵە وتار (وەرگێڕان)٢٠٠٨ هەولێر. بڕوانە:

www.facebook.com/Amin.Gerdiglani#!/Amin.Gerdiglani?sk=info

* بۆ دەستخستنی هەندێك زانیاریی لەسەر ئەم ڕەوتە، سوودم لە گفتوگۆکانم لەگەڵ کاك ڕەسووڵ سوڵتانی–یدا، وەرگرتووە.

[41] http://gerdiglani.blogfa.com/post-4.aspx.

[42] بڕوانە: http://xezel.blogfa.com/، ڕەسووڵ سوڵتانی (٢٠١١)، ئەمین گەردیگلانی (١٩٩٧، ٢٠٠١، ٢٠٠٤).

## ٤/٢) تایبەتمەندییەکانی غەزەلی نوێ

دوای خوێندنەوەو هەڵسەنگاندنی ئەو غەزەلانەی لە پاری پێشوودا خرانەڕوو، هەروەها پاش وردبوونەوە لە هەندێك بەرهەمی شیعریی چاپکراوی ئەو نووسەرانە کە تایبەت بە غەزەل نووسیویانن، دەتوانین هەندێك تایبەتمەندیی غەزەل لە ئەمڕۆی ئەدەبیاتی کوردیی دەستنیشان بکەین:

- دەقەکان، بە زمانێکی کوردیی شیاوی سەردەمیانەی زاڵبوو بەسەر زاراوەی عەرەبیی‌و فارسیی‌و تورکییەکاندا، نووسراون. دەنووسن ((شیعر ڕووداوێکە لە پانتایی زماندا دەقەومێ‌و هەر زمانێك شیعری پێ نەنووسرێ زمانێکی مردووە))[٤٣]، بۆ نمونە، لە ژێر ناونیشانی (زامی چیا)دا، (ئەمین گەردیگلانی) دەنووسێت:

((دەنگی کسپەی زامی قووڵی کێوی بێ هەتووانە وا،

دەمهەژێنێت‌و قەڵەم ڕادەچڵەکێ بەو ژانە وا!

لێرە وەك جەرگی زڵەیخا لەت لەتن جەرگی چیا

بۆیە دۆڵی پڕ چەمەی خوێن‌و زنەی گریانە وا!))[٤٤].

- دەربڕینەکان دەربڕینێکن لە فۆڕمدا سادەن، بەڵام هەڵگری ناوەڕۆکێکی ئاڵۆزو کاریگەرانەن. (یادگار) دەنووسێت:

((شەوەزەنگی قژی ڕوحمی نەماوە

حەز و هەستم لە نێو بەندی چەقاوە

بەلۆکەی ئەو قژە خاوەی گووڵی خۆم

پەتی سێدارەکەم بۆ هەڵخراوە))[٤٥].

ئاوێزانکردنی کەرەستەو زاراوەی سەردەمیانە بۆ ناو وێنە هونەرییەکانی دەق، وەك (سوپەر مارکێت، زانکۆ، ...تاد). (زاهید حاجی زادە)، لە (کووچە)دا دەنووسێت:

((کووچەکانم لەبەرە هێندە گەڕاوم بۆ تۆ

کەمکەمە بوومەتە خۆڵێك و ڕژاوم بۆ تۆ

لە سوپێرمارکێتی کۆڵانەکەمان بووی هاتم

---

[43] http://gerdiglani.blogfa.com/post-16.aspx.

[44] ئەمین گەردیگلانی (٢٠٠١: ٧-٨).

[45] بڕوانە: http://xezel.blogfa.com.

ڕووم لەوان بوو وەلی بۆ تۆ بوو سڵاوم، بۆ تۆ))[٤٦].

- چڕکردنەوەی ناوەڕۆك‌و مەبەستە غەزەلییەکان لە خۆشەویستیی مرۆڤ‌و سروشتدا، زمانی کوردیی وەك زمانی (ژیان‌و سروشت) وێنادەکەن‌و ئەمانەش لە دەقەکانیاندا ڕەنگپێدەدەنەوە[٤٧]. دوورکەوتنەوە لە ئەدەبیاتی تەسەوفیانەی ئاینگەرای ڕووت‌و شیعری ئاینیی، (ئەمین گەردیگلانی) لە (شەوەژان)دا دەنووسێت:

((ئەستێرە گەڵ کەوتنە نێو قوڕگی ڕەشی شەو

بۆ مەرگی هەتاویش چووە مانگ بێ سەرو بێ شوێن

گڕ بسکی تەڕی سوورە گوڵێ زۆری پڕووزاند

هەر ڕۆژێ بە داسێ مل‌و پەنجەی گوڵ ئەدروێن))[٤٨].

(ڕەسووڵ سوڵتانی) لە (زیارەتی ماچ)داو لە غەزەلی (باران)دا، دەنووسێت:

((قژی زەوی سەوز بوو بە ماچی لێوی باران

بزەی هاتێ گەزیزە کە بیستی نێوی باران

خونچەی بەنازو عیشوە چارشێوی کەسکی لادا

هەتاکوو بێتە گریان دڵی پەشێوی باران))[٤٩].

- لەگەڵ کاریگەربوون بە ئەدەبیات‌و غەزەلی کۆنی کوردیی‌و بە شاعیرانی غەزەلنووسی سەدەی بیستەمی خۆرهەڵاتی کوردستان، خاوەنی دنیابینیی‌و دیمەن‌و تایبەتمەندیی خۆشیانن. (زاهید حاجی زادە) دەنووسێت:

((ئەمشەو بەیادی عەشقی ڕۆژانی تاڵی پێشوو

ئەسرین ڕژانە خوارێ پێدەشتی کوڵمە تەڕ بوو

بڕیار بوو کە چیرۆکێك سازکەم لە خۆشەویستی

تۆ بی بە قارەمانی پێك هێنەری ئارەزوو))[٥٠].

---

[46] بڕوانە: http://xezel.blogfa.com.

[47] بڕوانە: http://gerdiglani.blogfa.com/post-16.aspx.

[48] ئەمین گەردیگلانی (٢٠٠١: ١٤).

[49] ڕەسووڵ سوڵتانی (٢٠١١: ٩).

(فەخرەدین خزری)یش لە (بەهارە ژوان)دا، دەنووسێت:

((بەیان کە خۆرەتاو  هات بسکی زەردی داهێنا

سروەی نازی سپێدە ئاهەنگی خۆشی هێنا

ڕۆنتك لە کوڵمی ئاڵی شلێرە داڕژا خوار

لاولاو چاوی هەڵێنا، ڕیحان سەری دەرێنا

کوڕ و کچ لەمەزرادا لە باوەشی یەکا بوون

نێرگز بۆ خۆشەویستی هێدی سەری هەڵێنا))[٥١].

لەسەر دنیابینیی‌و تایبەتمەندێتی غەزەلی نوێیش، دەتوانین لە بارەی بەکارهێنانی (هەناسەو با)و چۆنێتیی وێناکردنیان ئەم نمونەیەی (ئەمین گەردیگلانی) لە غەزەلی (خۆزگە) بخەینەڕوو، کە جیاوازە لەوەی (هێمن) لە (چارەنووس‌و شاعیر)ی تاریك‌و ڕووندا مامەڵەی لەگەڵ دەکات:

((تۆزە بۆنێ لە وەنەوشەی کەزی تۆم ویست‌و شنەم نارد

ڕووی نەبوو پێت بڵێ، لەو ساوە دژی شەرمەونی – با – م))[٥٢].

(هێمن) دەنووسێت:

((هەناسەم لادەدا چارشێوو ڕووبەندی ڕەشت ئاخر

هەور هەرچەندە پڕبێ کوا حەریفی قودرەتی بایە؟))[٥٣].

(مستەفا پۆڵادەرك (ڕامیار)) لە (کانیاوی غەزەل)دا، هەر لەسەرەتاوە بە دوو بەیتی (هێدی) دەستپێدەکات‌و دەنووسێت:

((ڕازی خۆت هێندە لە دەس نامەحرەم‌و دووڕوو مەنێ

کەس ئەوەندەی تۆ بە ڕووی ئاوێنەوە پێناکەنێ

گەنجی من بۆ زێڕوەشانی زولفەکەت باشە بەڵام

بەژنی تۆ هێند بەرزە واژەی من گەلێ جار نایگەنێ

---

[50] بڕوانە: http://xezel.blogfa.com.

[51] بڕوانە: http://xezel.blogfa.com.

[52] ئەمین گەردیگلانی (١٩٩٧: ٧٨).

[53] هێمن (٢٠٠٦: ١١٩).

گەر گوڵی باخان هەموو بێن خۆ موقابیل کەن بۆ تۆ

من دەزانم بۆ جوانی گیانە هیچی ناتگەنێ))[٥٤].

کێشی غەزەلەکان لە سەر کێشە عەروزییە باوەکانی کە کوردو ئێرانییەکان لە کۆندا بەکاریانهێناون، دانراون و بەشی هەرە زۆریان لە سەر کێشەکانی (هەزەج و ڕەمەل)ن، ئەمەش بۆ تایبەتمەندیی فۆنۆلۆژیی و یاسا فۆنۆتاکتیکیی و ئاوازمەندێتییەکانی زمانی کوردیی دەگەڕێتەوە، کە لە ئێستادا شارەزایانە بەکارهێنراون، تا لەگەڵ ڕیتمی بیرو ئاوەزی گوێگرو خوێنەری کورددا بگونجێن، ((قاڵبی شێعری کێش و سەرودار لە زمانی کوردیدا لە قاڵبی شێعری ئازاد نوێترە. زمانی کوردی هێشتا لە بواری شێعری کێش و سەروداردا مەیدانی بۆ قسە کردن زۆر ماوە و ئەگەر شاعیری بەتوانا هەبێ دەتوانێ زۆر بە ئاسانی لەو گۆڕەپانەدا بای باڵی خۆی بدا. ئێمە وا چاکە کارمان بەسەر کەسەوە نەبێ و گوێ بە دەرودراوسێ نەدەین. بێین لە سروشتی زمانەکەی خۆمان ورد بینەوە. گوێ بە ترپەی دڵی هەستەکانی خۆمانەوە بنێین. بزانین هەر بە ڕاستی چمان دەوێ و دەمانەوێ بڵێین چی؟ ڕۆح و هەناسەی زمانەکەمان و هەستەکەمان زیاتر لەگەڵ چی سازگارە؟))[٥٥].
(ڕەسووڵ سوڵتانی ) لە (چاوەڕوانی)دا، بەکێشی (ڕەمەلی هەشتیی مەحزووف) دەنووسێت:

((گەر بزانم چاوەکەت بۆ کوشتنم پێ شەنگ ئەبێ

–ᴗ–– –ᴗ–– –ᴗ–– –ᴗ–

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن

پێکەنینی شم لەگەڵ نۆ تەی ژیان هاو دەنگ ئەبێ

–ᴗ–– –ᴗ–– –ᴗ–– –ᴗ–

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن

گرژ و مۆنیش بێ ئەگەر روخ ساری ناڕێ کی ژیان

–ᴗ–– –ᴗ–– –ᴗ–– –ᴗ–

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن

یەك شنەی ئەش قی بەسەردا بێنی شۆخ و شەنگ ئەبێ))[٥٦].

–ᴗ–– –ᴗ–– –ᴗ–– –ᴗ–

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن

---

[54] بڕوانە: مستەفا پۆڵادەرك (٢٠٠٨: ١٢).

[55] http://gerdiglani.blogfa.com/post-4.aspx.

[56] بڕوانە: http://xezel.blogfa.com.

(ئەحمەد یاسینی (پشکۆ))یش، غەزەلی (تۆرمەی بەشەڕ)، بە کێشی (هەزەجی هەشتیی تەواو) دەنووسێت:

((دەچۆن نەڕوا   کەوا دەڕوا   گلێنە و بیل   بیلەی چاوم

∪---   ∪---   ∪---   ∪---

مفاعیلن   مفاعیلن   مفاعیلن   مفاعیلن

لە چاو ئەسرم   چڵۆن بسڕم   کە ڕۆی تینی   دڵی کاوم

∪---   ∪---   ∪---   ∪---

مفاعیلن   مفاعیلن   مفاعیلن   مفاعیلن

کە تاڵی زول   ڤ کاڵت کەو   تە سەر خاڵت   ئەمن دەبوا

∪---   ∪---   ∪---   ∪---

مفاعیلن   مفاعیلن   مفاعیلن   مفاعیلن

بزانم وا   لەکام پەردا   بزەی بەختی   بەجێ ماوم))[57].

∪---   ∪---   ∪---   ∪---

مفاعیلن   مفاعیلن   مفاعیلن   مفاعیلن

- بۆیەکەمجار (چەپکە غەزەل)، ئەوەی خۆیان ناویان ناوە (غەزەلی جەماعیی) بە گروپ لەلایەن چەند غەزەلنووسێکەوە دەنووسرێت، هەندێکجار پەیڕەوی ژمارەی بەیتەکانی غەزەل کراوەو دابەشکراوە لە نێوانیاندا، هەندێکجاری تریش هەریەکەیان بەغەزەلێکی هاوشێوە بەشدارییان کردووە، لەمەدا بەکۆی غەزەلەکان، بەیتەکان زیاترن لە غەزەلێک بەڵام نەبوونەتە قەسیدەو هەر غەزەلێك بەهای ژمارەیی خۆی لە بەیتەکاندا پاراستووە. ئەمەیش نمونەی چەپکە غەزەلێکە کە لەژێر ناونیشانی (غەزەلێکی چوار قۆڵی)دایە، لەلایەن هەر یەك لە (حەمە سەعید نەجاری(ئاسۆ)، ئەمین گەردیگلانی، ئەحمەد یاسینی(ئەلف.ی پشکۆ)، میلاد ئەمانەڵلاهی (یادگار))ەوە نووسراوە:

((بە ئەسرینی چەمی کاڵی کەژاڵم

هەموو زامی دڵم ئەم شەو کولاوە

کە جارجاریش پەپوولەی چاوی ئەفڕێ

[57] بڕوانە: http://xezel.blogfa.com.

**شەمێکم من کە مۆمی لێ بڕاوە (یادگار)**

**فریوی دام پەپوولەی چاوەکانت**

**ئەوا باڵی فڕینیشم شکاوە**

**بەخووناوو بریقەی کووڵمی سێوت!**

**قەپاڵ! دەگری لەهەستم بەو دووچاوە!! (پشکۆ)**

**چ ڕەمزێکە لەنێو چاوانی شینتا**

**کە یەك زەریا ئەوینی تێکراوە**

**بڵێ بەو چاوە بازەی پڕ لەنازت**

**نێگای بۆ گەرمی جارانی نەماوە؟ (ئاسۆ)**

**کە ڕووی ئاوێنەتم دی تێگەییشتم**

**دڵی ڕووناك و سڕبووم چەن شکاوە**

**لەبەر چاوم بووە خەشخاشکی نیسان**

**کەدیم کووڵمت بەسەد ناز و حەیاوە**

**هەناسەم چەشنی تەم ئاڵای خەمانە**

**بەسەر دووندی چیای داخ و جەفاوە (ئەمین گەردیگلانی)))[58].**

- **توانراوە، زۆر وێنەو دیمەنی ئەدەبیاتی کۆن، ئاوێزانی وێنەهونەرییە شیعرییەکانی ئێستا بکرێتو ئەم دەقانە وەك ڕایەڵەی بەستنەوەی کۆن بە ئێستاوە دەردەکەونو بۆشایی دابڕانی زیاتر لە سەدەیەکی غەزەلیاتی کوردییان پڕکردۆتەوە. وەك ئیمەیجەکانی (شەوەزەنگی قژ، قژی خاو، تاڵی خاو، شەمو مۆم، چاوی باز، نیگای گەرم، دڵو پێ، گوڵ، بولبول، ...تاد). (مستەفا پۆڵادەرك) لە (کانیاوی غەزەل)دا دەنووسێت:**

**((تۆ بڵێ تاکەی ئەسیری داوی بەندی کەزیەکەت**

**شەو لە خەودا هەر بەیادی جوانی ڕووی تۆ ڕاچەنێ؟**

**من کە داوای ماچی لێوی تۆ دەکەم دڵمەند مەبە**

---

[58] **بڕوانە:** http://xezel.blogfa.com.

نازەنین تاوانی من نیّ توفلّی دلّ ڕووم لیّ دەنیّ))[٥٩].

(ئەمین گەردیگلانی) لە (شەوەژانی ئەستێرەیەك)داو لە غەزەلی (بزەی خوێناوی)دا، دەنووسێت:

((هێند لە چاوی شەو چەقی برژانگی ئەستێرەی وشەم

لێوی زێوینی بەیان کەیلی بزەی خوێناوییە

ڕوومەتی ڕووشا بەچرنووکی شەوی دڕ سوورە گوڵ

بۆیە بەرگی زیی لەبەردایەو لەشی دڕکاوییە))[٦٠].

- هەندێکجار پەیڕەوەیی ئەو تایبەتمەندییەی غەزەل کراوە، کە غەزەلنووس لە کۆتاییدا ناوی خۆی یان نازناو یان کورتکراوەی ناوەکەی دەهێنێت، بەڵام لە هەندێك غەزەلیشدا شاعیر بە (من)، یان وەك عاشقێك ناوی خۆی وێنادەکات نەك بە ڕاستەوخۆیی. (نادری نیروومەند (بۆران)) لە (جەغەتووی فرمێسك)داو لە بەیتی کۆتایی غەزەلی (کۆیلە)دا، دەنووسێت:

((خۆ دەزانم قەت بەهاری بیّ خەزان نەبووە بەڵام

چی بوو بۆران ئەو بەهاری عیشقە کۆتایی نەبا؟!))[٦١].

(ح. س. سۆران) لە کۆتایی (غەزەل)دا دەنووسێت:

((بۆ وەڵامی زوڵم و زۆر و کێشەجاڕی ناحەزان،

ئەسڵەحەی بیّ دەنگی دەستی مامە سۆرانە غەزەل))[٦٢].

(ئەمین گەردیگلانی) لە (تاپۆی وەرزێکی سەوز)و لە دوا بەیتی غەزەلی (تیشکی یاد)دا دەنووسێت:

((شەوو ڕۆژی دڵی شاعیر وەکوو یەك ڕوون و زێڕینن

ئەبەد دوو ڕەنگی نابینی، لە ئاسمانی ژیانی دا))[٦٣].

- غەزەلی نویّ، وەك ئەدەبیاتێکی ڕۆمانتیکیی بە غەزەلنووسراو دەردەکەوێت و سوتان و سووڕانەوەیە بە دەوری مەعشوقدا، سۆزێکی قوڵ و خەیاڵێکی فراوان و وێنەگەلێك

---

59 مستەفا پۆڵادەرك (٢٠٠٨: ١٤).

60 ئەمین گەردیگلانی (١٩٩٧: ٢٠).

61 نادری نیروومەند (بۆران) (١٩٩٩: ١٣).

62 http://www.hetawikurdistan.eu/articoli-curdi/233-admin.html.

63 ئەمین گەردیگلانی (١٩٩٧: ٨).

پێکدەهێنێت، کە هەستو ئاوەزی بەرامبەر بجزوێنێتو ئەمەش لە ویژدانی بزواوی غەزەلنووسەوە سەرچاوە دەگرێتو هونەرمەندانە دەیکاتە لیریکایەك کە لەگەڵ هەژانی ڕۆحدا خودژەنینانە، دەژەنرێت، ((شیعر ئامرازی دەربڕینە، خەمە کەڵەکەبووەکانی ناخی مرۆڤە))[٦٤]، (بۆ نمونە، ئەمین گەردیگلانی تەنها لە (تاپۆی وەرزێکی سەوزدا) ٧٥جار وشەی ئەوینو ئەشقی چەندبارە کردۆتەوە)[٦٥]،(ڕەسووڵ سوڵتانی) لە (زیارەتی ماچ)داو لە غەزەلی (گراو)دا دەنووسێت:

((عیشقت کە لە چاوانەوە دەڕژێتە چەمی ژین

هۆنراوە تەزووی سەوزی ئەوین دێتە هەناوی

ئاوێنە کە ڕووخسار و بزەو خاڵو دەمی دی

قرچەی دڵی چڕژاوی خزی بۆ سەرو چاوی ))[٦٦].

(ئەمین گەردیگلانی) لە (تاپۆی وەرزێکی سەوز)داو لە غەزەلی (سووتان)دا دەنووسێت:

((کە شەو دادێ، لە نێو کوانووی خەمی تۆدا دەسووتێم

بە ژانی شیعرەوە دەگریمو دەمرم، یا دەسووتێم))[٦٧].

یان، لە غەزلی (بێ تۆ)دا دەنووسێت:

((گوڵی باخی ئەوینم ویشكو ژاکاوە لە دووریی تۆ

نیگات بۆ باخی تاسەو خۆشەویستیم چەشنی ناتۆرە))[٦٨].

- هونەرە ڕەوانبێژییەکان، بەڕوونیی دەردەکەونەوەو ڕۆڵێکی دیار لە جوانکردنی دەقەکانو ئاوەزپێبەخشینیاندا دەبینن. (ئەمین گەردیگلانی) لە (تاپۆی وەرزێکی سەوز)داو لە غەزەلی (تیشکی خەیاڵ)دا دەنووسێت:

((پشووی گەرمی ئەوین هاتو مژی لێڵی شەوی ڕادا

هەتاوی شادی چارشێوی لەسەر ژینی ڕەشم لادا

لە باخی سەوزی ئاواتا لەگەڵ تیشکی خەیاڵ دەدوێم

کە بفڕێ کۆتری هەستم لە ئاسۆی ڕوونی هیوادا))[٦٩].

---

[64] http://gerdiglani.blogfa.com/.

[65] بڕوانە: ئەمین گەردیگلانی (١٩٩٧).

[66] ڕەسووڵ سوڵتانی (٢٠١١: ١٨).

[67] ئەمین گەردیگلانی (١٩٩٧: ٢٤).

[68] ئەمین گەردیگلانی (١٩٩٧: ٤٧).

- بایەخدان بەناوەرۆک و بەداهێنان وێناکردنی پەیڕەوە کلاسیکییەکان، فۆرم لە پێناوی شێوەبەخشین بە ناوەڕۆکدایە، (ئەمین گەردیگلانی) دەنووسێت: ((من فۆرم تووڕ هەڵدەدەمو بەناوەڕۆکەوە دەنووسێم،...کلاسیک بەمانای کۆن و سواوو لە کەڵک کەوتوو نییە، بەڵکوو بەمانای جوان و ڕازاوەو خاوێن و پیرۆز ڕاگیراوە))[70]، (فرووغ فروخزاد) دەڵێ: ((من لەسەر ئەو باوەڕە نیم، بە شێعر، کلاسیک و نوێ بگوترێ. ئەوەی کە لە شێعردا گرینگە ئەمڕۆیی بوونی شێعرە. ئەوە ژیانی دوێنێی مرۆڤ لە گەڵ ئەمڕۆیەتی کە شێعری دوێنێ و ئەمڕۆ لە یەک جیا دەکاتەوە، بەم چەشنە لە غەزەلێکدا دەکرێ مەبەستگەلێک بگوترێ، کە ئەمڕۆیی بێ و شێعرێکی زۆر تازەش بێ، کەوابوو ئەوەی گرینگە، ماناو ناوەرۆکی شێعرە، نەک فۆڕم و قاڵب))[71].

## ئەنجام

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا، گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

- غەزەل وەک ژانرێکی ئەدەبیی لە ئەدەبیاتی کوردیدا، دەگەڕێتەوە بۆ غەزەلێکی (بابا تاهیری هەمەدانیی)، وەک زاراوەیەکیش لە ئەدەبی کوردیدا، بۆ یەکەمجار (فەقێی تەیران) بەکاریهێناوە.
- غەزەلی نوێ لە ئەدەبیاتی نوێی کوردیدا، توانیویەتی ئەدەبیاتی کۆن بە ئەدەبیاتی هاوچەرخەوە ببەستێتەوەو بەردەوامیی بە ڕەوتی گەشەی ئەدەبیی لە کوردستاندا، بدات.
- غەزەلی نوێ لەگەڵ ئەوەی لە بونیات و بنەماجێگیرەکانی غەزەلی ناو ئەدەبیاتی کوردیی و فارسیی لاینەداوە، بەڵام تایبەتمەندیی و خەسڵەتی نوێیشی بۆ زیادکردوون و هەندێکجار لە غەزەلی عەرەبیش نزیکبووەتەوە، بەجۆرێک کە لەگەڵ ئێستای ئاستی ئەدەبیات و چەشەی ئەدەبیدا بگونجێت.

  زۆر دیمەن و وێنەی ئەدەبیاتی فۆلکلۆریی و میللیی و کۆن و سەردەمی زێڕینی ئەدەبیاتی کوردییان ئاوێزانی وێنە غەزەلییە نوێکان کردووەو بەردەوامیان بە بەهای هونەریی ئەو کەرەستانە بەخشیووە.
- ناوەڕۆکی دەقە غەزەلییەکان، زۆرتر لە خۆشەویستیی مرۆڤ و لە ناویشیاندا (ژن) و دواتر نیشتمانویستیدییدا کۆبووەتەوە، بەدەگمەن خۆیان لە بوارەکانی تری غەزەل داوە. ئەو ڕاستییە دەردەکەوێت کە غەزەلی کوردیی خاوەنی زمان و تایبەتمەندیی خۆیەتی و دنیابینیی غەزەلنووسانی کوردە لەم قۆناغەدا بۆ گەردوون و بۆ ژیان و بۆ نیشتمان و بۆ مرۆڤ. کێشی تەواوی غەزەلەکان لە سەر هەدوو کێشی باوی عەروزیی ناو ئەدەبیاتی کوردیی–فارسیی: (هەزەج و ڕەمەل)، نووسراون.

---

[69] ئەمین گەردیگلانی (١٩٩٧: ٥٧).

[70] http://gerdiglani.blogfa.com/post-16.aspx.

[71] http://gerdiglani.blogfa.com/post-4.aspx.

- (چەپکە غەزەل)، وەك داهێنانێکی ئەدەبیی دەردەکەوێت کە گیانیی هاوبیریی و هاوبینینیی ڕوانینی گروپگەرایانە بەهێزدەکات، لە ژانرێکی ئەدەبیی هەستیاری وەهادا کە زۆرتر خودییە، بەڵام لێرەدا خودگرۆهیان پێکهێناوە، (ئەمین گەریگلانی) وەك دیارترین غەزەلنووسی ناو ڕەوتی ئەدەبیاتی غەزەلی نوێی کوردیی دەردەکەوێت.
- بەشێوەیەکی بەربڵاو، جیا لەهەر ناوچەیەکی تری کوردستان، غەزەل لەم سەردەمەدا لە خۆرهەڵاتی کوردستان دەرکەوتۆتەوەو پەیڕەودەکرێت، هۆکارەکەیشی بۆ تێگەیشتنی زانستیانەو هونەرییانەو لۆژیکیانە لە ئەدەب و ئەرکی ئەدەب و ئامادەیی غەزەل لە قۆناغە جیاجیاکانی مێژووی ئەدەبی کوردیی لە خۆرهەڵاتدا، دەگەڕێتەوە.
- غەزەلی نوێ، لە ناوەڕۆکە شیعرییەکانیدا زۆرتر لە ئەدەبیاتی ڕۆمانتیکیی نزیك دەبێتەوەو وەك تەواوکەری ئەم ڕێبازە ئەدەبییە دەردەکەوێت.

## سەرچاوەکان

### سەرچاوە کوردییەکان:


- ئەمین گەردیگلانی (١٩٩٧): تاپۆی وەرزێکی سەوز (شیعر)، تەورێز.
- ئەمین گەردیگلانی (٢٠٠١): شەوەژانی ئەستێرەیەك (شیعر)، چاپی یەکەم، بۆکان.
- ئەمین گەردیگلانی(٢٠٠٤): مەرگەخەون (شیعر)، تاران.
- ئەنوەر قادر محەمەد (٢٠٠٧ا): لیریکای شاعیری گەورەی کورد مەولەوی، چاپی سێیەم، سلێمانی.
- ئەنوەر قادر محەمەد (٢٠٠٧ب): مۆتیڤی پایز لە شیعرەکانی بێسارانیدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی/ بەشی B، ژمارە (٢٠).
- دڵشاد عەلی(١٩٩٨): بنیاتی هەڵبەست لە هۆنراوەی کوردی دا "نامەی ماستەر"، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.
- ڕەسووڵ سوڵتانی (٢٠١١): زیارەتی ماچ (شیعر)، چاپی یەکەم، کەرکوك.
- ژیان (١٩٣٨): ڕۆژنامەی ژیان، ژ ٥٤٧، سلێمانی.
- گ. س. فریمان- گرێنڤیل (٢٠٠٤): ڕۆژژمێرەکانی کۆچی و زاینی، وەرگێڕانی لە فەرەنسییەوە: نەجاتی عەبدوڵڵا، بنکەی ژین، سلێمانی.
- گۆران (١٩٦١): کۆنی و تازەیی لە هەڵبەستا، گۆڤاری هیوا، ساڵ٤، ژمارە (٣١).
- عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ (٢٠٠٥): وانەکانی خوێندنی باڵا، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زمان، بەشی کوردی.
- عیزەدین مستەفا ڕەسول (٢٠٠٨): ئەحمەدی خانی، چاپی کوردی، سلێمانی.
- عیزەدین مستەفا ڕەسول (٢٠١٢): مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی یەکەم، سلێمانی.
- مارف خەزنەدار (٢٠١٠): مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی یەکەم، دەزگای ئاراس، هەولێر.
- مستەفا پۆڵادەرك (٢٠٠٨): کانیاوی غەزەل- دیوانی شیعر، ئینتشاراتی هیوا، تاران.
- نادر نیرومند (١٩٩٩): جەغەتووی فرمێسك، شیعر، پێشەکی: حەمەسەعید نەجاری، تاران.
- هەژار( ١٩٩٧): هەنبانە بۆرینە، فەرهەنگی کوردی- فارسی، بەرگی یەکەم، سروش، تاران.
- هیاس محمود کاکەیی (٢٠١٠): بابا تاهیری هەمەدانی و چوارینەکانی، چاپی یەکەم، هەولێر.
- هێدی- خالد ئاغای حیسامی (٢٠٠٨): ئاوێنە شکاو یان بیرەوەریی هێدی، دە زگای ئاراس، ژ (٨٢٧)، هەولێر.
- هێمن (٢٠٠٦): بارگەی یاران- سەرجەمی شیعری هێمن، دە زگای ئاراس، ژ (٥١١)، هەولێر.


### سەرچاوە عەرەبییەکان:

- إميل ناصف (١٩٩٦): أروع ماقيل في الوجدانيات، دار الجيل، بيروت- لبنان.
- أحمد تيمور باشا (١٩٧١): الحب والجمال عند العرب، لجنة نشر المؤلفات التيمورية، عيسى البابي الحلبي.
- أندري ميكيل (١٩٨٧): سوسيولوجيا الغزل العربي، الطاهر لبيب، ترجمة: مصطفى المسناوي، دار الطليعة، دار البيضاء.
- حسام أبو رحاب (١٩٤٧): الغزل عند العرب، الطبعة الأولى، القاهرة.
- رضوان القضمانين و اخرون (٢٠١١): الموسوعة العربية العالمية، دمشق، سوريا.
- سراج الدين محمد (٢٠٠٢): الغزل في الشعر العربي، دار الراتب الجامعية، سلسلة سوفنير، بيروت- لبنان.
- سيد صديق عبدالفتاح (١٩٩٧): العشق.. والغزل في القرن التاسع عشر، الطبعة الأولى، دار الأمين، الجيزة.
- شكري عزيز الماضي (١٩٨٥): في نظرية الأدب، دار الحداثة للطباعة والنشر، بيروت- لبنان.
- طارق علوش (٢٠١١): الموسوعة العربية العالمية، دمشق، سوريا.
- عبدالحكيم عبدالله الزبيدي (٢٠٠٧): خصائص شعر الغزل عند عمر بن ابي ربيعة، دار ناشري للنشر الألكتروني.
- علي طنطاوي (١٩٨٨): من غزل الفقهاء، دار المنارة، جدة- السعودية.
- كمال خلايلي (١٩٩٣): جمهرة روائع الغزل في الشعر العربي، الطبعة الأولى، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت.
- محمد رضا شفيعي كدكني (٢٠٠٩): الأدب الفارسي منذ عصر الجامي وحتى أيامنا، ترجمة: د. بسام ربابيعة، عالم المعرفة (٣٦٨)، الكويت.
- محمد رضوان الداية (٢٠١١): الموسوعة العربية العالمية، دمشق، سوريا.
- محمد سامي الدهان (١٩٨١): الغزل، الجزء الأول، الطبعة الثالثة، دارالمعارف، القاهرة.
- محمد غنيمي هلال (١٩٧٣): النقد الأدبي الحديث، دار العودة، بيروت.
- يا. إي. ايلسبورغ (١٩٨٠): نظرية الأدب، تأليف: عدد من الباحثين السوفييت المختصين بنظرية الأدب و الأدب العالمي، ترجمة: د. لطيف نصيف التكريتي، وزارة الثقافة والأعلام، دار الرشيد، الجمهورية العراقية.

## سەرچاوە فارسییەکان:

- انور قادر محمد (٢٠١١): غزليات شاعر بزرگ كرد مولوى، ترجمه: دكتر جمال احمدى، چاپ اول، پخش كتاب امام غزالى، سنندج.
- سيروس شميسا (١٩٩٥): أنواع أدبى، چاپ سوم، انتشارات فردوس، تهران.
- سيما داد (٢٠٠٨): فرهنگ اصطلاحات ادبى، چاپ چهارم، انتشارات مرواريد، تهران.
- ماجد مردوخ روحانى (٢٠٠٨): فرهنگ فارسى- كوردى، جلد سوم، دانشگاه كردستان، سنندج.

## سەرچاوە ئینگلیزییەکان:

- Herbert Joseph Muller (1965): Religion and Freedom in the Modern World, Chicago and London: University of Chicago Press.
- J. A. Cuddon (2001): A Dictionary of LITERARY TERMS, Published in Penguin Books, New York.

## پێگە ئینتەرنێتییەکان:

- http://en.wikipedia.org
- http://xezel.blogfa.com
- http://www.facebook.com/Amin.Gerdiglani
- http://www.arab-ency.com
- http://khabarbaz.parsbloger.com

- http://sardasht.org
- http://www.fkgc.com
- http://xezel.blogfa.com
- http://www.yakgrtu.org
- http://en.wikipedia.org
- http://40cheme.org
- http://gerdiglani.blogfa.com


## الغَزَل في الأدب الكوردي الحديث


الغَزَل، واحدٌ من الأنواع والأشكال الشعرية المعروفة والغالبة في الأدب العالمي بشكل عام والأدب الشرقي على وجه الخصوص، والذي يغطي مساحات واسعة من النتاجات الأدبية عموماً.

ظهور هذا النوع الأدبي في الأدب الكوردي يرجع إلى بدايات التأريخ المدوَّن للأدب الكوردي عند (باباطاهر الهمداني ٩٣٧-١٠١٠)، وقد تم إستخدامه إصطلاحاً لأول مرة من قِبَل (فقيه طيران سنة (١٦٣١)، وقد وصل هذا النوع الأدبي إلى ذروة عصره الذهبي إبان المدرسة الأدبية البابانية، وشهد الإنحسار والضعف فيما بَعد مع بدايات قرن العشرين، ولكنه الآن ينتعش بفعالية في مسار الأدب الكوردي والأدب في شرق كوردستان بشكل خاص.

في هذا البحث، وفي ضوء التأويلات النظرية للأدب والتحليل النصي، تمت دراسة (الغَزَل)، وتقييم علاقات عضوية وجدلية بين هذا النوع الشعري والشعر الوجداني والغنائي، وشرح خصائص ووظائف الغَزَل، ومن ثم تأويل الغَزَل المعاصر (الجديد) من خلال عرض نماذج شعرية.

ويتضح ختاماً أن الأدب والنمو الأدبي هما في طور مستمر، وبالرغم من الرجوع إلى الأزمنة القديمة والماضية فإنه بالإمكان الآن تواصلياً وتفاعلياً القيام بكتابة نتاجات إبداعية مؤطرة في إطار هذه القوالب التأريخية الثابتة، حيث تُستخدَم فيها لغة كوردية معاصرة مصحوبة بالفكر والخيال والمواضيع والصور والمَشاهِد الفنية المعاصرة، وتتم خلالها الكتابة بأوزان العروض الشائعة في الأدب الكوردي وبالأخص (الهزج والرمل). وستظهر لأول مرة مجموعة (باقة غَزَل) المكتوبة من قِبَل عددٍ من كُتاب الغَزَل معاً. وسنرى بأن كاتِب الغَزَل قد تمكَّن من هذا الطريق من تحويل أفكاره ونظراته الخاصة والنفسية والباطنة إلى نتاجات أدبية للآخرين، وأن النصوص أصبحت جزءاً من ضمير القُرّاء عن طرق الأحاسيس العميقة والخيال الواسع والإيقاع الداخلي واللحن الخارجي، حيث تبقى هذه الأشعار مُحبذاً على ألسنة الناس وفي إذهانهم، كأي شعر غنائي رفيع.


## Ghazel in the Modern Kurdish literature


*Ghazel, is one of the types and forms of poetry known and dominant in the world literature in general and Eastern literature in particular, which covers large areas of literary productions generally.*

*The emergence of this genre in the Kurdish literature goes back to the beginnings of recorded history of Kurdish literature with (Babatahiri Hamdani*

*937-1010 BC). It has been used as a poetic technical term for the first time by (Faqih Tairan) in (1631), and this genre has arrived the peak of its golden age during Babani literary school, then seeing the weakness and declined with the beginning of the twentieth century, but it now effectively recovers in the course of Kurdish literature and literature in Eastern Kurdistan in particular.*

*In this research, and in light of the interpretations of the theory of literature and textual analysis, (Ghazel) has been studied, evaluating the organic and dialectic relationships between this type of poetry and emotional and lyrical poems, explaining the features and functions of Ghazel, and then interpreting the contemporary (new) Ghazel through the presentation of poetic samples.*

*Eventually, it is concluded that literature and literary growth are in a continuous process. Despite going back to the ancient times, now, one can communicatively and interactively compose creative products according to these historical fixed templates, using the contemporary Kurdish language accompanied by thought, imagination, themes, images and contemporary artistic scenes, written in (Aroodh) rhythms which are common in the Kurdish literature and in particular (Hazaj and Ramal). For the first time, the collection of (Bunch of Ghazel) will appear composed by a group of Ghazelists. In this way, we will see that the author of Ghazel has been able to convert his ideas and his private worldviews and psychological inward views into literary products for other people, and that the texts become part of the conscience of the readers through deep sentiments, wide imagination, internal rhythm and the external melody, where these poems remain desirable on the tongues of people and in their minds, Like any high lyric poetry.*

## پاشکۆ

**لێرەدا چەند نمونەیەکی ئەو غەزەلانەی لەم سەردەمە (٢٠١٠-٢٠١١)دا نووسراون*، دەخەینەڕوو:**

**- (شەبەقی نان)، غەزەلێکی خۆشەویستیی تواوە لە ئەوینی خاکی نیشتماندا، (ئەمین گەردیگلانی)، بەکێشی (ڕەمەل)، لە ساڵی ٢٠١٠دا، نووسیویەتی:**

**کووچە چۆڵ و شەبەقی نازیٚ لە پەنجێرە تکا**

**ئاسمان شەق بوو تکەی شەونمی ئەستێرە تکا**

**شەونمی واژە لەسەر کۆشی خەیاڵ بوونە شێعر**

**کە تریفەی بزە لەو لێوە گوڵاودێرە تکا**

**وتم: ئەی شۆخی بەدەو بۆخەمی تۆ بوومە هەور**

**وەرە ئەم تك تکی فرمێسکمە بژمێرە، تکا**

**ئاوری بەرداوەتە دڵ پێلی گڕهاوێژی نیگات**

---

*** کۆی ئەم نمونە شیعرییانە لە پێگەی شاعیرانی خۆرهەڵاتی کوردستانی تایبەت بە غەزەلەوە وەرگیراون:** ./http://xezel.blogfa.com

بکە ڕەحمێك و بە تاڤگەی قژەوە بێرە تکا

مەمکەکەت بگرە لەبەر حاکمی ئەشقی دڵڕەق

بۆ گریَ دانی دڵ و وەسڵی ئەوین خێرە، تکا

سەرم هەڵگرت و لەبەر دەرکی ئەوینم دانا

دایە بەر شەق وتی پێم: باوی نییە لێرە تکا

من نیگام برسییە بۆ دینی گوڵی ڕووت و کەچی

لە نیگات شەونمی ماچی ئەوی چاو تێرە تکا

بوومە تاوێکی سڕی کەوتوو لەنێو کووچەکەتان

چابوو تیرێژی بزەت هات و لەپەنجێرە تکا.

– (تانووت)، غەزەلێکی تری (ئەمین گەردیگلانی)یە، دیسانەوە لە خۆشەویستییو عەشقی نیشتمان دەدوێت، بەکێشی (هەزەج)، لە ساڵی ۲۰۱۰دا، نووسیویەتی:

خەم هات و نیگای شاری لەباڕووتەوە پێچام

بۆوەی نەفرەم بەژنی لەتابووتەوە پێچام

کوێستان بەڵەك و، دیلی ڕنوو باڵی گەزیزەم

داویَ کەوی ڕۆحی لەسیاسووتەوە پێچام

من دەردی دڵی گەل گڕی بەردایە هەناوم

گەل هەستی لەدوودەی سڕی تانووتەوە پێچام

شۆخیَ بەنیگاییێکی ڕفاندم دڵ و، پێمگوت:

مەمنوون کە لە ئاونگی گوڵی ڕووتەوە پێچام

توورن گوڵم ئەو دوندی لەسەر سینەتە بۆیە

ئەشقێکی خودایی دڵی لەو جووتەوە پێچام

سووتا بەترووسکێکی ئەوینت دڵ و جەستەم

بۆت بوومە کل و وەسمە لەپێڵووتەوە پێچام

ئەشکەوتی دڵت کردە سیاچاڵی و لەوێدا

پێست و ڕەگی جەستەت لەسەرەبزووتەوە پێچام

باگێژی هەناسەم هەڵیکرد، لەچکەکەتی برد

شەو بردی دڵم، یا لەخەمی مووتەوە پێچام؟!

– (غەزەلێکی چوار قۆڵی)یە، لە حەسرەت و خۆشەویستیی و وەفا دەدوێت و بەکێشی (هەزەج)، لەلایەن هەر یەك لە (حەمە سەعید نەجاری(ئاسۆ)، ئەمین گەردیگلانی، ئەحمەد یاسینی(ئەلف.ی پشکۆ)، میلاد ئەمانەڵڵاهی (یادگار))، لەساڵی ٢٠١١دا، نووسراوە:

شەوەزەنگی قژی ڕوحمی نەماوە

حەز و هەستم لە نێو بەندی چەقاوە

بەلۆکەی ئەو قژە خاوەی گووڵی خۆم

پەتی سێدارەکەم بۆ هەڵخراوە (یادگار)

پەتی سێدارە مەنوێنن بە زوڵفی

کە ئاڵایە! قژی تاڤگە و هەتاوە

بە وێنەی ئاڕشی ویلۆنە کەزیی تۆ!

چریکەی دێ دڵم بەو تاڵە خاوە (پشکۆ)

بە ئەسرینی چەمی کاڵی کەژاڵم

هەموو زامی دڵم ئەم شەو کولاوە

کە جارجاریش پەپوولەی چاوی ئەفڕێ

شەمێکم من کە مۆمی لێ بڕاوە (یادگار)

فریوی دام پەپوولەی چاوەکانت

ئەوا باڵی فڕینیشم شکاوە

بەخووناوو بریقەی کووڵمی سێوت!

قەپاڵ! دەگری لەهەستم بەو دووچاوە!! (پشکۆ)

چ ڕەمزێکە لەنێو چاوانی شینتا

کە یەك زەریا ئەوینی تێکراوە

بڵێ بەو چاوە بازەی پڕ لەنازت

نێگای بۆ گەرمی جارانی نەماوە؟ (ئاسۆ)

کە ڕووی ئاوێنەتم دی تێگەییشتم

دڵی ڕووناك و سڕبووم چەن شکاوە

لەبەر چاوم بووە خەشخاشکی نیسان

کەدیم کووڵمەت بەسەد ناز و حەیاوە

هەناسەم چەشنی تەم ئاڵای خەمانە

بەسەر دووندی چیای داخ و جەفاوە (ئەمین گەردیگلانی)

گوڵێکم کردە پۆیلانەت گوڵی من

سەری داخست بە ڕوو زەردی گەڕاوە!؟ (پشکۆ)

دڵم هێناوە بیهاوێمە بەر پێت

بەبارێ ئەشقی بێ ڕەنگ و ڕیاوە

نیگات دەبڕێ سەری شەوگاری تارم

بڕۆت ئاسۆیە چاوت خۆرەتاوە

دڵم تۆقی لە دووریت و نەهاتی

لە تاوت تاکوو کەی بیکەم وڕاوە؟ (ئەمین گەردیگلانی)

بە ئەشقت بانە بۆکان و سەقز وا

لەنێو دوونیای غەزەلدا بۆت تواوە

لە پەنجەی سوور و ناسك یادگاری

وڵامم زللەییێکی پێ دراوە (یادگار)

(ئەمین)و(ئەحمەد)و(ئاسۆش)لەمەدحت

غەزەلیان خویند و هێشتاش ناتەواوە

بە کێ بێژم گوڵم بەو ڕادە پاکی

هەناوی ((یادگار))ت بۆ بڕاوە! (ئاسۆ)

**- (غەزەلێکی چوارقۆڵی)یە، لە عەشق و خۆشەویستیی خاک و مرۆڤ و ئەویندارییی دەدوێت، بەکێشی (هەزەج)، لەلایەن هەریەک لە (سەعید نەجاری (ئاسۆ)، ئەمین گەردیگلانی، ئیبراهیم ئیسماعیل پوور (شەماڵ)، ئەحمەد یاسینی (پشکۆ)ەوە، لەساڵی ٢٠١١دا نووسراوە.**

**لە گوێمدا زەمزەمەی دێ خیزەڵ و چەو**

**کەوا کانی چ جار نابێ جیا لەو**

**لە ناخمدا شەوی مێعراجی ئەشقە**

**دەبزوێ هەست بە بیری ئەو برووسکەو.**

**شەو و ڕۆژ هەر یەکن لایان ئەویندار**

**بە سۆمای دڵ دەپێوێ ڕێگە، شەوڕەو**

**بە ڕۆحم گوت لە تاریکی نەترسی**

**لە ناخا مەشخەڵی هیوایە هەڵکەو.**

**ببە ڕێبواری ڕێگەی ڕژدی دوندێ**

**کە گڕکانی ئەوین کردی بە پێخەو**

**منی ئاشق بە دووتا وێڵ و شەیدام**

**ئەرێ ئاسک هەتا کەی لێم دەکەی ڕەو**

**دەکەم ئاژین لە وەرزی سەوزی یادت**

**شەواوی چاوەکانم من هەموو شەو**

**لە ئاورێشمی خەیاڵی تۆی دەپێچم**

**بە ئەسپایی لە جێدا کۆرپەڵەی خەو**

**دەخوێنم من بە یادی کۆنە دەردان**

**لە سەر دوندی چیای کوردان وەکوو کەو**

**دەسا خوێنم حەڵاڵت بێ بخوێنە**

**کە سەربەستیی لە دوو دێ سێبەری ئەو**

**بەڵێ هەر ئافرەتێ شیرین نییە، نا**

نە هەر ئاشق وەکوو فەرهاد و خەسرەو

بە چاوی نوێی ببینی وردەکاری

نییە فەرقی ئەدی سابڵاغ و مەسکەو

مەکە زەوتی لە کۆزا بەرخی بیرت

دەبا ئازاد بئاژۆن پاشی هەر زەو

وەرن با شێعری پڕ مانا وەهۆنین

نەوەك ئەو تاقمەی دژوازی دژڕەو

لە ئاکاریان دەبارێ تۆزی کۆنی

بەڕووداری بە شێعری خۆ دەڵێن نەو

دەقێکی پێی نەبزوێ هەست و ئاوەز

ئیتر جا چۆن دەنێن ناوی شیعر لەو

ئەمین،ئاسۆ،شەماڵ، پشکۆ، بڕاسێن

دەبا دانەگرێ چاوی شێعری کورد خەو

– (چاوەڕوانی)، غەزەلێکی خۆشەویستییە، (ڕەسووڵ سوڵتانی)یە، بەکێشی (ڕەمەل)، لەساڵی ٢٠١١دا نووسراوە:

گەر بزانم چاوەکەت بۆ کوشتنم پێشەنگ ئەبێ

پێکەنینیشم لەگەڵ نۆتەی ژیان هاودەنگ ئەبێ

گرژ و مۆنیش بێ ئەگەر روخساری ناڕێکی ژیان

یەك شنەی ئەشقی بەسەردا بێنی شۆخ و شەنگ ئەبێ

گەر هەموو جوانیی زەوی تێکەڵ بە مۆسیقا بکەن

جا لەگەڵ تۆزی بەری پێڵاوەکەت هاوسەنگ ئەبێ

چاوەکانیشم بەخیلیان دێ بە یەك بۆ دیتنت

هەر کەسێ تۆی خۆش بوێ، وەك ئێمە بەرچاوتەنگ ئەبێ

خاڵی لێوت قافیەی شێعری خودایە و من دەڵێم

بێت و دایپۆشی لە دنیا وەزنی عالەم لەنگ ئەبێ

با کەژ و کێوان بە ناڵەم نەبنە ئاو خێرا وەرە

چون لە ئامێزی ئەوینا ئەو دڵەم بێدەنگ ئەبێ

هەر نەهاتی تا رەدیفی شێعرەکەم شێوا کەچی

شێتە دڵ هەر چاوەڕێیە و پێم دەڵێ نا رەنگە بێ

– (تۆرمەی بەشەڕ!)، غەزەلێکی خۆشەویستییە، ئەحمەد یاسینی ((ئەلف.ی پشکۆ))ە، بەکێشی (هەزەج)، لە ساڵی ٢٠١١دا، نووسراوە:

دەچۆن نەڕوا کەوا دەڕوا گلێنە و بیلبیلەی چاوم

لە چاو ئەسرم چڵۆن بسڕم کە ڕۆی تینی دڵی کاوم

کە تاڵی زولفی کاڵت کەوتە سەر خاڵت ئەمن دەبوا

بزانم وا لەکام پەردا بزەی بەختی بەجێ ماوم

نەکەی بڕوا کەوا بڕوا لە یادا ناوی شیرینت

لە قەندیلی ئەویندا من دەکەم یادت هەتا ماوم

نەماوم خۆ چەماوم بۆ نەمام و بەژنی باڵاکە ت

کەوا ناکام لە ئاکامدا بزرکا بنجە لاولاوم

کە سەرنەیبێت کەسەر یا ژان، بەژار و مەینەتی ئینسان

دەبی بیژێت کەمن تۆرمەی بەشەر نیم و بەشەڕ باوم

چەلێك دەردی گەلێك دەمکاتە پشکۆ و گڕ،دەمێکیش تۆ

سەرم سوڕما لەسوڕوتووری ئەم چەرخەی کەچۆن ماوم

– (جوانی کورد)، غەزەلێکی خۆشەویستیی و عەشقی مرۆڤو سروشتە، بەکێشی (ڕەمەل)، (میلاد ئەمانوڵڵاهی(یادگار)، لەساڵی ٢٠١١دا نووسیویەتی:

پێم بڵێ کامە گوڵە لەم خاکە بولبول مەست نەکا؟

یاکوو کام بێ بەش لەهەستە، عەشقی چاوان هەست نەکا؟

**پێم بڵێ کامە شەڕابە، شەرحی غەیری چاو ئەکا؟**

**شەونمی سەر کام گوڵە کاری شەڕابی خەست ئەکا؟**

**پـێـم بڵـێ بۆ ئێرە سـوورە؟ لالـەزار ئـەو لا ترە!**

**بێ خەبەر ! کامە دڵـە لەم ناوە دەسـتـا و دەست ئەکا؟**

**مەنعی بولـبول بۆ ئەکەن لەم خاکە سـەوداسـەر بدا؟**

**پێم بڵێن،کـام وشکەبیـرە مەشقی تەڕ هەڵبەست ئەکا**

**باخـەوان دەسـتـت دروست، بیبینە!باخت هاتـەبەر**

**ڕۆح لـە بەر بێنە کـە بێت و لێرە لـێوی گـەست ئەکا**

**ئەی خودا ! من لێت دەپاڕێم ،ئەم دوعـایەم بێتەدی**

**یارەبی ! هیچ نۆ گوڵێ ڕیشەی لە ماڵـی پـەست ئەکا**

**ئـەی ڕەفیقان ئاگـەدار بن قـەد نەکـەن پێ شێلی گوڵ**

**پاش ئەوەی ئەی هاوەڵانم نا رەفیق چەس چەست ئەکا**

**دا ڕەفیـقـان! مۆڵـەتم دەن، بـێ بـەشـی دڵ نیـم ئەمن**

**«یادگار»یش، مەر بەمـردن، حەز لە دوو پـەیوەست ئەکا**

**– (چۆمی چەم)، غەزەلێکی تری میلاد ئەمانوڵڵاهی(یادگار)ە، باس لە خۆشەویستیی خاكو سروشتی نیشتمان دەكات، بەكێشی (ڕەمەل)، لەساڵی ٢٠١١دا، نووسراوە:**

**شەرتـە من تاکوو بمێنم هـەر بکـەم وەسـفی چـەمێ**

**ئەو چەمەی چۆمێکی نازە و دێتە دەر لێی سەد چەمێ**

**ژینی خۆم پێشکەش دەکەم بۆ وەسفی ئەو ناقابیلە**

**عومری نووح تەرخانی ئەو کەم گەر بکەم وەسفی کەمێ**

**لافی عاشق بوون دەدەم چەن بێ نـەتیجە و حاسڵە**

**من کـە نەتوانم بسـووتێم بۆ پـەپـوولەم وەك شەمێ**

**چۆن بڵێم عـەشقم هەیە؟ ئەو بایە زۆر عاشقترە**

**بۆیە ڕاسـی کردەوە لەو زوڵفی یارەم چەن خەمێ**

بەختەوەر نیم قەد ئەمن، نەم کردووە ماچی دەمیّ

بەختەوەر ئەو نانەیە ماچی دەکا تەنیا ژەمیّ

چەندە بیّ بەش بووم ئەمن نەی دامیّ بیکەم تامی ژین

عومری لاویم وا بەسەر چوو تازە چی دی نایگەمیّ

بولبولی نێوان قەفەس هەر یادگارە«یادگار»

ئەو خودایەی لیّ بەدەر بیّ جوانی تەڕلان نایەمیّ

**– (کووچە)، غەزەلێکی بە کێشی (ڕەمەل) نووسراوی غەزەلنووس (زاهید حاجی زادە)یە، ناوەڕۆکێکی چاوەڕوانیگەرانەی خۆشەویستانەی هەیە، لە ساڵی ٢٠١١دا نووسراوە:**

کووچەکانم لەبەرە هیندە گەڕاوم بۆ تۆ

کەمکەمە بوومەتە خۆڵێك و ڕژاوم بۆ تۆ

لە سوپێرمارکێتی کۆڵانەکەمان بووی هاتم

ڕووم لەوان بوو وەلی بۆ تۆ بوو سڵاوم، بۆ تۆ

من کڕینی جگەرەم کردە بەهانەی هاتن

مژ بەمژ بوومە مژێکی کە بڵاوم بۆ تۆ

من کە گرتوومە لەکونکووری بزەت ڕوتبەی مەم

هەر لەزانکۆی مەم و لێوانە بەزاوم بۆ تۆ

لەبۆ پاراستنی ئاڵای گەشی خاکی دڵی تۆ

بوومە سەربازی فیداکار و نەماوم بۆ تۆ.

**– ( دایە )، غەزەلێکی خۆشەویستیی و ئەویندارییە بۆ دایك، (قادر عەلیخا)، بەکێشی (هەزەج) لە ساڵی ٢٠١١دا نووسیویەتی:**

ژیان بیّ تۆ لە لام دژوارە دایە

هەموو ڕۆژم وەکوو شەو گارە دایە

لە ماڵم دا چرای سۆز و ئەوینی

کە دووری تۆ ژیان ئازارە دایە

لە دەشتی وشکی سووتاوی ژیاندا

بزەی لێوت وەکوو ڕووبارە  دایە

کە دەڕوانم لە ئاوێنەی دڵی خۆم

بە تەنیا وێنەکەی تۆ دیارە دایە

لە هەر شوێنێ کە دەچمە شوێنی نووستن

شنەی لای لایەکەی تۆم یارە  دایە

قەڵاییێکە لە ڕووخان نایێ هەر دەم

ئەگەر پیرە و ئەگەر پەتیارە  دایە

وەکوو چاوی هەور ئاودێری ژینی

بە بێ تۆ دەشتی ژین،بەیارە دایە

لە ئاستی تۆ سەری دەسوێتە سەر خاک

ئەوەی لای هۆزەکەی سەر دارە  دایە

ژیان بەخشین و گیان بەخشین و سەردان

لە دەستی تۆیە دێ ئەو کارە  دایە

هەوێن و ڕایەڵ و پۆی ژیانە بوونت

بە بێ تۆ تەونی ژین بێ دارە  دایە

ژیان ئامێزی تۆ ڕۆحی وەبەر نا

لە بوونی تۆیە مانا دارە دایە

**– (پێنووسە تەڕدەم)، غەزەلێکی (سۆران حوسێنی)یە، لە خۆشەویستیی نیشتمان‌و ئینسان دەدوێت، بەکێشی (هەزەج)، لەساڵی ٢٠١١دا، نووسراوە:**

ئەنگوستە چاوێ لەم خاک و عەردەم

نیگام لە نازی کام دیدە وەردەم

تەزیوی زیوی کازێوە دیوی

یان دەستەو ئێخەی کام کەزیە زەردەم

پەلکێشەیێکی پڕکێشەیێکی

ئەم ژوانی شێعرەی هاوبیری سەردەم

لـەم ژوانـە دەتکێ تـریفە چەپکێ

هەر شەو دەڕووشێ بە شەوقی هەردەم

شەویش بە قەد خۆی هێزی گەمارۆی

هێناوە تووشی ئەم جەنگە سەردەم

شـەو و ڕەشـایی شێعر و گـەشایی

هەروا لە تەشقی چەك بەردە بەردەم

ئەنگوستـە چـاوێ شـەوگـارە بـاوێ

شـێعرینـە تـاوێ داوێـمـە بـەردەم

گـۆرانە مـەشقێك سۆرانە عەشقێك

دەڕژێتە پێنـووس پێنووسە تـەڕدەم

– (بێسیمی خەیاڵ)، غەزەلێکی (جەعفەر نەوبەهار)، لە خۆشەویستیی نیشتمانو سروشتی کوردستان دەدوێت، بەکێشی (ڕەمەل)، لە ساڵی ٢٠١١دا نووسراوە:

مانگەشەو بشکێنە ڕێگەم تو لەنێو شەوگاری تار

دێمە نێو باخ و تەلان و باوەشی ژوانی هەوار

ئەو دڵەم تینوویە بۆ ماچی چیا و دار و دەوەن

لێرە هەر گریانە بۆ یادی گوڵ و کانی و بەیار

شەنگە بێری بێتەران و بچتە سەرکانی بەناز

پڕ بە دڵ چاو کەم لە نازی پێکەنینی تازە یار

ئەو مەلەی ڕووخاوە لانی تێدەگا چێ دەردی دڵ

کوا دەمێنی تین و تاقەت بۆ فڕینی دەردەدار

سوورە بارانێ بە سەر ئێمە و چیا باریوە کۆن

چاوەنۆڕین گەر بگاتێ سەوزە ئاواتی بەهار

دۆشەوێ ناردم پەیامێ بۆت بە بێسیمی خەیاڵ

هەر دەڵێ گیراوە ڕێگەم ئاخ لەدەس دێوی نەیار

وا بە یادی تۆ دەژی دڵ بۆتە قوربانی خەمت

داگیساوم من دەسووتێم وا لە نێو شەوگاری تار

– (گۆڕی بێ کێلە)، غەزەلێکی حەسرەت و شیوەن و غەمبارییە، (ناسر فەرشادیان (پەژار))، بەکێشی (هەزەج)، لەساڵی ٢٠١١دا، نووسیویەتی:

گڕی مۆمی شەوی دەردم دەسووتێم

لەتاریکیی دڵی خەمبار و تەنگا

گەرووی نووساوی تۆز گرتووی ئەوینە

دەکا هاوار لە بەحری زەردی ژەنگا

لەسەر تەرمی کفن نەکراوی شیعرم

زمان پسکە لە دەم هاوار و دەنگا

لە ژێر چارشێوی شەوگاری سیاپوش

ئەوین تارە لە فەسڵی سەوزی ڕەنگا

منی چاو پڕ لە ئەسرینی دەمەو مەرگ

لە مەزرای زۆنگی دڕکی پڕ لە نەنگا

شەمی دەردی دڵی خۆمم دەسووتێم

لەئا میزی سڕی شەوگاری لەنگا

دەمێکە بێ سپەر سەرداری مەرگم

لەمەیدانی شەڕی بێ خۆم و جەنگا

دەسووتێم و کز و مات دادەنیشم

لەکن گۆڕی دڵی بێ کێل و سەنگا

– (نیونیگا)، غەزەلێکی خۆشەویستیی نیشتمان و مرۆڤە، (یاسین ئەمین پوور)، بەکێشی (ڕەمەل)، لەساڵی ٢٠١١دا، نووسیویەتی:

بۆ خەیاڵم کەسکە باڵی هەڵفڕینە نیونیگات

نەرمە پێلی بۆنی بارانی ئەوینە نیونیگات

**سکڵی یادی دەنگی تۆیە بۆتە پێنووسی شێعر**

**وەك گڕی ئاهەنگی خەندەت ئاگرینە نیونیگات**

**شەو بە پەنجەی بۆنی تۆ سەنتووری ناخم لێدەدەم**

**پیتی شێعری هەرچی شاعیرە چڕینە نیونیگات**

**هەر ڕەهێڵەی چاوەکانت دای لە داری بەژنی من**

**دەنکە بارانی تژی گڕ بوون خزینە نیونیگات**

**وێنەکێشی دڵ دەکێشی نەقشی چاوانت بە ڕۆژ**

**شەو لەسەر تابلۆی خەیاڵم نازەنینە نیونیگات**

**- (بۆ پشووی سێحراویی قالە مەڕە)، غەزەلێکی شیوەن‌و گریان‌و حەسرەتئامێزە، (لوقمان پیربادینی)، بەکێشی (ڕەمەل)، لەساڵی ٢٠١١دا، نووسیویەتی:**

**بە هەناسەت کە سەمای مەستی نەوای شمشاڵە**

**دەنگی ڕووبار و شەپۆلی لە ئەوین دارماڵە**

**نۆتی خاکێکی لە نێو ناخی زمان ڕسکاوی**

**تۆ بەهاری هونەرت عومری هەزاران ساڵە**

**پەلکی پەنجەت وەکوو تیریژی هەتاو داچۆڕا**

**لە چیای بوونەوە بۆ دەشتی ژیان عەودالە**

**عەڕەب و فارس و تورك بەو هونەرەت سەرسامن**

**ئەو چریکانە شیفای عاقڵ و شێتن، خاڵە**

**کۆچەکەت مەرگی بەبەر ڕۆحی خەمۆکم دا کرد**

**لە خەمت قامیشەڵان زەوقی نییە بێ حاڵە**

**کانی هێدی دەکوڵێ و نم نمە دەگری باران**

**سۆزی شمشاڵە بەدەم تاڤگەوەیە لەم یاڵە**

**تێی دەتووڕێنی هەوای خوایە«وەتەن ئاوا کەی»**

**دەنگی هەر نەغمەیەکی شیوەن و ڕۆیە و ناڵە**

**هەموو پێشکەوتنی ڕۆژێکی لەگەڵدا بێ هونەر**

**بێ سەمای پەنجەیەکت پێنەگەیشتوو و کاڵە**

**– (کۆچی یار)، غەزەلێکی ( جەعفەر نەوبەهار)ە، لە عەشقی نیشتمان دەدوێت، بەکێشی (ڕەمەل)، لەساڵی ٢٠١١دا، نووسراوە:**

**یاری بەجێ ماوی کزی دەستی جەفا ئەی دیدەکەم**

**تا کەی دڵی من بێ لە دووری تۆی وەفا ئەی دیدەکەم**

**ڕۆح بۆتە لانی حەسرەت و مەینەت لە تاوی کۆچەکەت**

**جەستەم بە نووکی ئەم مەلانە تێك ڕما ئەی دیدەکەم**

**کووچە و شەقام هەر دڵ پڕی یادی بەجێ ماوی گوڵن**

**بێتو تەمێکی چڕ بە ڕووی ژینا کشا ئەی دیدەکەم**

**خەفتانە گش وەرزی تەمەن تاتینی ڕوخسارت نەبێ**

**هەر وەك گەڵای داران سروشکی خەم ڕژا ئەی دیدەکەم**

**هەر یەك نیگا بوو مەڵهەمی سەدها برینی ژینەکەم**

**بێوادە کۆچێ بوو کە بردی ئەو نیگا ئەی دیدەکەم**

**تا کەی دەپرسی ئەی شەماڵ کوانێ بەرامەی نێو گوڵان**

**با پێت بڵێم وا لەم وڵاتەی گوڵ نەما ئەی دیدەکەم**

**لەم نێو هەوارەی پڕ بزەو شادی کە بوو ڕاوگەی ئەوین**

**چی دی شنەی فێنکی بە هەستی نایە با ئەی دیدەکەم**

**– (گەردەلوول)، غەزەلێکی (ئیبراهیم ئیسماعیل پوور)ە، لە عەشقی مرۆڤو نیشتمان دەدوێت، بەکێشی (هەزەج)، لە ساڵی ٢٠١١دا، نووسراوە:**

**دڵم بێ تۆ چ بێ ئەنوایە ئەمرۆ**

**سەرم بۆ تۆ چ پڕ سەودایە ئەمرۆ**

**دڵی شێتم نەبوو ئۆقرەی لە هیچ شوێن**

به هەودایەك لە دەست تۆدایە ئەمڕۆ

گڕی عەشقم لە ئەشکەوتا ئەگڕیا

لە مەیداندا چ بیٚ پەروایە ئەمڕۆ

شکا خێڵی سەهۆڵبەندان بە ڕووی تۆ

چ گوڵزاریٚ لە نێو دڵدایە ئەمڕۆ

بە مەی نازت منم سەر مەست و شەیدا

لە سەر کۆچم کە ڕووت لەولایە ئەمڕۆ

دڵم تاڵانی عەشقی تۆی تەوارە

چ بیٚ ڕەحمی شەقەی باڵ نایە ئەمڕۆ

وەکوو زوڵفت لە باڵای خۆی دەهاڵیٚ

شەماڵت گەردەلوول ئاسایە ئەمڕۆ

**– (بەهارە ژوان)، غەزەلێکی (فەخرەدین خزری)یە، لە جوانیی سروشتی نیشتمان دەدوێت، بەکێشی (هەزەج)، لە ساڵی ٢٠١١دا، نووسراوە:**

بەیان کە خۆرەتاو هات بسکی زەردی داهێنا

سروەی نازی سپێدە ئاهەنگی خوشی هێنا

ڕۆنتك لە کوڵمی ئاڵی شلێرە داڕژا خوار

لاولاو چاوی هەڵێنا، ریحان سەری دەرێنا

کوڕ و کچ لە مەزرا دا لە باوەشی یەکا بوون

نێرگز بۆ خۆشەویستی هێدی سەری هەڵێنا

بەهارە ژوانی ئێمە بۆ خوشەویستی سازە

بۆ چی لە من بیانوو دەگری، دەڵیی: دەریٚ نا